گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/r87zs329

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/10/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 15/01/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لە بارودۆخی هەڵاوێردەدا- هەرێمی کوردستان و عێراق
## "توێژینەوەیەکی شیکاری - بەراوردکارییە"

**فخرالدین مهدی جرجیس[١] - وعدی سلیمان علی[٢]**

fmj150h@law.soran.edu.iq- weadimezori@gmail.com

[١] بەشی یاسا، فاکەلتی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢] پەرلەمان کوردستان، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**
کۆمەڵگە هەمیشە لە بارودۆخێکی سەقامگیر و جێگیردا نازیت، بەڵکو لە گۆڕانکاری بەردەوام دایە. ئاسایشی نیشتیمانیش بەگوێرەی گوڕانکارییە سیاسی، سەربازی، ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سروشتییەکانیش کاریگەر دەبێت. لە سەر بنەمای ئەو گوڕانکارییانە؛ پێداویستییەکانی دابینکردنی ئاسایش و تەناهی و سەقامگیری کۆمەڵگە لە لایەن دەوڵەتەوە دەگۆڕێن، بۆیە دەوڵەت ناچارە لە هەر بارودۆخێکدا؛ سیاسەتێکی تاوانیی تایبەت بە بارودۆخەکە پەیڕەوبکات. ئەمەش وادەخوازێت، کە ڕێکارە یاساییەکانی دەستەبەری ئاسایشی نیشتیمانی لە بارودۆخی هەڵاوێردە؛ جیاواز و توندتر لە بارودۆخی ئاسایی دەربکەوێت.
ئەم توێژینەوە وێڕای کارکردن لەسەر گرنگی ئاسایشی نیشتیمانی بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەت و ڕەوایەتی ڕیکارە یاساییەکان لە بارودۆخی هەڵاوێردەدا؛ گرنگی بە ماف و ئازادییەکانی تاک و گەرەنتیکردنیان دەدات. لەم نێوەندەشدا لەسەر تاوانی تیرۆر دەوەستێت، بە جۆرێك؛ تیرۆر وەک تاوانێکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی و ژیانی تاکەکان، و ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربونەوەی گیراونەتەبەر لە چوارچێوەی سیاسەتی تاوانی و یاسا سزاییەکاندا؛ جێی بایەخی ئەم توێژینەوەیە. گەنگەشەکردنی بنەما یاساییەکانی هێنانەکایەی هاوسەنگی و هاوڕێژەیی لە نێوان تاوان و سزا بە خستنەڕوی گەرەنتییە یاسایی و دادەورییەکان بە ئامانجی پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە لایەك، و لەلایەکی دیکەشەوە چاودێری کۆمەڵگە بەسەر کردارەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی کارگێڕی لە بارۆدوخی هەڵاوێردراو بۆ ڕێگریکردن لە زێدەڕۆیکردن و خراپ بە کارهێنانی دەسەڵات و پێشلکردنی بەرژەوەندییە پارێزراوەکان؛ وەک کاریگەرترین ئامرازی گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکان، توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە گەییشتە ئەو دەرەنجامەی کە لە عێراقدا سیاسەتێکی تاوانی ڕون و کارا نییە بۆ بەرەنگاربونەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بەرەنگاربونەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتیمانی لە بارۆدوخی هەڵاوێردەدا.
**وشە کلیلەکان**: ئاسایشی نیشتیمانی، سیاسەتی تاوانی، تیرۆر، بارودۆخی هەڵاوێردراو، ماف و ئازادییە کەسییەکان.

# Protecting National Security in Exceptional Circumstances in the Kurdistan Region and Iraq :A Comparative and Analytical Study

Fakhradin Mahdi Jarjis[1] – Weadi Sulaiman Ali [2]
[1]Department of Law, Faculty of law, Political Science and Management, Soran University, Kurdistan Region Iraq.
[2]Legal Advisor in the Kurdistan parliament,Erbil, Kurdistan Region,Iraq.

## Abstract

Society is not always in a state of stability; it is continuously subject to change. National security is an influenced by political, military, economic, social, and environmental factors. These changes necessitate dynamic adjustments in the state's approach to maintaining security and societal stability, requiring the adoption of a criminal policy suited to prevailing circumstances. This involves implementing appropriate legal frameworks and legislative measures to safeguard national security, especially during exceptional circumstances characterized by heightened and atypical threats.

This study highlights the critical importance of national security for both society and the state, focusing on the legitimacy of legal measures enacted during exceptional circumstances. It also emphasizes the need to protect individual rights and freedoms as core components of the rule of law. The research examines terrorism as a grave crime threatening national security and individual lives, analyzing the legal frameworks and criminal justice measures employed in Iraq and the Kurdistan Region. This discussion is set within the broader context of criminal policy and penal legislation.

The study further explores the legal principles that balance crime and punishment by ensuring robust legal and judicial safeguards to protect rights and freedoms. It underscores the vital role of societal oversight in monitoring state and administrative actions during exceptional circumstances, thereby mitigating the risk of power abuse and protecting legally recognized interests. Additionally, it highlights the indispensable role of individuals in upholding and guaranteeing fundamental rights and freedoms. This study concluded that there is no clear and effective criminal policy in Iraq to address the causes of the insurgency and counter threats to national security in discriminatory circumstances.

**Keywords**: National Security, Criminal Policy, Terrorism, Exceptional Circumstances, Individual Rights, Judicial Safeguards.

## ١. بەرایی Introduction

دەوڵەتەکانی ئەم سەردەمە بەوە ناسراون کە دەوڵەتی یاسان و ملکەچن بە پەیڕەویی کردن لە بنەما یاساییەکان، کە ئەمەش بە پێگیریکردن بە پرەنسیپی ڕەوایی دەق یاسا دێت وەکو گەرەنتیەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و ماف و

ئازادی و بەرژەوەندی تایبەت. دەستور وەکو باڵاترین دەق یاسای نیشتیمانی کوڵەگەی دەوڵەتە لە ڕێکخستنی سیستەمی گشتی و یاسا ئاسایی و هەڵاوێردراوەکان، بەڵام یاسای سزادان ئامرازی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانییە لە هەڕەشە چاوەروانکراوەکان. لە هەمان کاتدا یاسای سزادان بە مەترسیدارترین یاسا دێتە هەژمار لەبەرئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کوت و بەند کردنی ماف و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵگەوە هەیە بە هۆی ڕێسا یاساییەکانی لە بواری بەتاواندانان و سزاداندا، ئەمە لە کاتی ئاساییدا. بەڵام زۆر جار دەوڵەت لە هەندێک بارۆدوخی هەڵاوێردە و نائاساییدا کە ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی و ئابوریەکەی ڕوبەڕوی هەڕەشە دەبێتەوە تەنانەت یاسای سزادانیش دەستەوەستان دەبێت و توانا و کارایی خۆی لە چارەسەری دۆخەکە لەدەست دەدات. ئەوا دەوڵەت ناچار دەبێت بۆ بەرەنگاربونەوەی دۆخی هەڵاوێردەی بەدیهاتو و بە ئامانجی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەندێک ڕێکاری ئاسایش پارێزی نائاسایی بگرێتەبەر لە ژێر ڕوشنایی یاسای هەڵاوێردەی تایبەت بە بارودوخەکە، زورجار دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان.

**گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە ناساندنی زیاتری بارۆدوخی هەڵاوێردە و ئەو ڕێکارە یاساییانە دەبینێتەوە، کە دەوڵەت لە بارۆدوخی هەڵاوێردراودا دەگرێتەبەر، لە هەمانکاتدا گرنگی پێویستی پێگیری دەوڵەت بە هێنانە کایەی هاوسەنگی نێوان پێویستی دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک دەردەخات. هەروەها ڕادەی کارایی دەرفەتەکانی چاودێری ڕەفتارەکانی دەوڵەت لە بارودوخی هەڵاوێردەدا، بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان لە ئەنجامی زێدەروی دەسەڵات لە بەکارهێنانی هێزدا بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش شروڤەدەکات.

**کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە فرە سەرچاوەیی و پاڵەپەستوی یاسادانانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سەرەدەری کردن لەگەل بارۆدوخی هەڵاوێردراو، لە هەمان کاتدا ڕادەی ملکەچبونی دەوڵەتە بە بنەماکانی مافی مروڤ و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاک کە دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتی هەست بە گەرەنتی ماف و ئازادییەکانی بکات لە بەرانبەر پێشیلکاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە بارودۆخی هەڵاوێردراو.

**میتودی توێژینەوە:**

ئەم تویژینەوەیە بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و ئاشنابون بە بارۆدوخی هەڵاوێردە و جیاوازی ڕێکارە لەبەرگیراوە یاساییەکانی لەگەڵ بارۆدوخی ئاسایی لە سیستەمە یاساییە جیاوازەکاندا؛ پشت بە میتودی شیکاری بەراوردکاری دەبەستێت کە یەکێکە لە ڕێبازە باو و گرنگەکانی نوسینی توێژینەوەی ئەکادیمی.

**ئامانجی توێژینەوە:**

خستنەڕوی ڕێکاری نائاسای و بنەما یاساییە هەڵاوێردراوەکانە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی؛ کە دەوڵەت بە ناچاری هانایان بۆ دەبات و بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگە. لە هەمانکاتدا هەوڵدانە بۆ هێنانەکایەی هاوسەنگی لە نێوان تاوان و سزادا لە بارۆدوخی هەڵاوێردراو، بۆ ڕێگریکردن لە زیادەرویی دەسەڵاتی جێبەجێکار لە سودوەرگرتن لە مافی خۆی بە بیانوی دابینکردنی ئاسایش نیشتیمانی.

**پەیکەربەندی توێژینەوە:**

لەگەڵ پێشەکی پێکدێت لە سێ بەش یەکەمیان باس لە چەمکی بارودۆخی هەڵاوێرداو دەکات و بەشی دوەم پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لە بەرەنگاربونەوەی تاوانی تیرۆر لە بارودۆخی هەڵاوێردراو باس دەکەین و لە باسی سێیەمدا قسە لە

بارەی گەرەنتیەکانی هێنانەکایەی هاوسەنگی نێوان پێداویستییەکانی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و ماف و ئازادییە کەسییەکانی لە بارۆدۆخی هەڵاوێردراو دەکەین.

## ٢. چەمکی بارودۆخی هەڵاوێردراو concept of Exceptional situations

کۆمەڵگە هەمیشە لە ئاسایش و سەقامگیریدا نابێت بەڵکو هەندێکجار مەترسی ڕاستەقینەی چاوەڕواننەکراو هەڕەشە لە هەبونی دەکەن. کە بە بنەمای یاسای ئاسایی ناتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە و ناچارە بنەمای یاسایی نائاسایی دەربکات وەک چارەسەری خێرا، کە بارۆدۆخە هەڵاوێردراوە بەدیهاتوەکە بەسەرێدا دەسەپێنێت. (امین، ٢٠١٥: ١٦٨).

لەم بەشەدا و لە دو باسدا چەمکی بارودۆخی هەڵاوێردراو دەخەینەڕو. لە باسی یەکەمدا پێناسە و حالەکانی بارودۆخی هەڵاوێردراو. و لە باسی دوەمدا ئەحکامەکانی بارودۆخی هەڵاوێردراو باسدەکەین.

### ٢.١. پێناسەی بارودۆخی هەڵاوێردراو و حاڵەتەکانی

لەم باسەدا و لە تەوەری یەکەم پێناسەی بارودۆخی هەڵاوێردراو دەکەین و لە تەوەری دوەمدا حاڵەتەکانی گەنگەشە دەکەین.

#### ٢,١,١. پێناسەی بارودۆخی هەڵاوێردراو

پێناسەی جۆراوجۆر لە بواری فیقهی یاسایی و دادوەری و دەقی یاساکان بۆ بارودۆخی هەڵاوێردکراون، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕو.

لە بواری فیقهی یاساییدا و لە دیدی هەندێک توێژەردا بارودۆخی هەڵاوێردراو "ئەو دۆخەیە کە لە ئەنجامی پێویستیدا دێتەکایەوە، و دەرچونی دەسەڵاتی کارگێڕی لە ژێر حۆکمی دەستور یاخود حۆکمی یاسا دەکاتە کردەیەکی ناچاری، ئەمەش لە ڕێگەی بەجێگەیاندنی هەندێک ڕێکاری مەترسیداری پێشێلکار دەبێت بۆ ماف و ئازادی گشتی، کە دەقی یاسای بەرکار لە کاتی دۆخی ئاساییدا ناتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دامەزراوە کارگێڕییەکان لە بەرانبەر دۆخە هەڵاوێردراوەکە" هەندێکی دیکەش لە پێناسەکەیاندا دەڵێن "سیستەمێکی یاساییە بڕیاری لێدەدرێت بەگوێرەی بنەما یاساییە دەستورییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نیشتیمانی، و هانای بۆ نابردرێت تەنها بە شێوەی لەناکاو و کاتی نەبێت بۆ بەرەنگاربونەوەی بارودۆخی خێرا و بەپەلە لە کاتێکدا کە ئامرازە یاساییە ڕەوا و ڕێپێدراوەکان دەستەوەستانن، و کوتایی دێت بە کوتایی هاتنی هۆکارەکانی دەرکردنی". (أديب، ٢٠٠٧: ٢٣٦-٢٣٧)

هەروەها هەندێک توێژەر بە شێوازێکی دیکە پێناسەی بارودۆخی هەڵاوێردراو دەکەن و دەڵێن "حاڵەتێکی ڕاستەقینەیە بە دو ئاراستەدا کاریگەری دروست دەکات، یەکەمیان وەستاندنی کارایی ڕێسا و بنەما یاساییە ئاساییەکان لە بەرەنگاربونەوە و نەهێشتنی دۆخەکە، و دوەمیان ملکەچبونە بۆ فەرمانە دەرچوێنراوە کارگێڕییەکان لەو ماوەیەدا بۆ ڕەواییدان بە دۆخی هەڵاوێردراوی تایبەت و حاڵەتەکانی کە دادگەی کارگێڕی ناوەروک و مەبەستەکەی دیاریدەکات". (العيساوي، ٢٠٢١: ٢٤)

یاساناسی دیکەش هەن بۆ پێناسەکردنی دۆخی هەڵاوێردراو دەڵێن "بارودۆخێکی هەڵاوێردراوی لە توانا بەدەرە، کە هەڕەشە لە سەلامەتی گشتی و ئاسایش و سیستەمی گشتی دەکات لە وڵاتدا، کیانی گەل و دەوڵەت و نیشتیمانی ڕوبەڕوی نەهامەتی و نەمان دەکاتەوە" هەروەها بیرۆکەیەکی دادوەرییە کە ئەنجومەنی دەوڵەت لە فەرەنسا بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو جۆرە بارودۆخانە دایهێنا". (سليمان و العگيلي، ٢٠١٥: ١٦)

لەسەر بنەمای ئەو دیدگایانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین "مەبەست لە بارودۆخی هەڵاوێردراو ئەو دۆخە هەستیار و مەترسیدارەیە کە هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتیمانی دەکات، لە ئەنجامی کردەی دوژمنکارانەی دەرەکی، یاخود ڕودانی ئاشوب و شڵەژانی ناوەخۆیی، یانیش کارەساتی سروشتی، کە هەڕەشە لە سەقامگیری و ئاسایش و سیستەمی گشتی

دەکات، و دەبێتە هۆی دەستەوەستانی یاسا بەرکارەکان و دەوڵەت ناچاردەکات ڕێکاری خۆپارێزی خێرا بۆ پاراستنی خۆی بگرێتەبەر.

لە ڕوی دادوەرییەوە لەبەرئەوەی فیقهی ئەنگلوسەکسونی بیرۆکەی بارودۆخی هەڵاوێردراو بە شێوەیەکی ڕەها ڕەتدەکاتەوە بە بیانوی ڕێگریکردن لە دەرچونی دەسەڵاتی کارگێڕی لە ژێر هەژمونی پرەنسیپی ڕەوایەتی دەقی یاسا ئەمەش لە پێناو پارێزگاریکردن لە سەلامەتی کیانی دەوڵەت. هەر بۆیەشە دەسەڵاتی دادوەری وڵاتانی ئەو سیستەمە یاساییە بە شێوەیەکی ڕون و ڕەوان ڕەتی دەکەنەوە بۆ نمونە دادگەی باڵای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش لە ژێر ڕوشنایی دەستوری ساڵی ١٧٨٧ ڕێگە نادات بە فراوانکردنی دەسەڵاتی سەرۆک لە کاتی جەنگ و قیرانەکان و لە دیارترین بڕیاریدا و لە دوسیەی "Ex Parte Milligan" لە ساڵی ١٨٦٦دا ڕاگەیاندنی بارۆدوخی هەڵاوێردراوی ڕەتکردوەتەوە؛ بەڵام لە بریتانیا لە یاسا فریاگوزارییەکان "Emergency acts" دەسەڵات بە پەرلەمان دەدات نەک سەرۆک بۆ بەرەنگاربونەوەی بارۆدوخی هەڵاوێردراو یاسا و بڕیاری نوێ دەربکات و تەنانەت چاودێری جێبەجێکردنیشیان بکات. (برکاکیل.٢٠٢٠: ٥٩-٦١) بۆیە هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکراوە. هەروەها لە دیدی هەندێک توێژەردا بۆ پێناسەکردنی بارودۆخی هەڵاوێردراو لە ڕوی دادوەرییەوە دەکرێت پشت بە پێناسەی دادگەی باڵای میسر ببەسترێت کە دەڵێت "بارودۆخێکە دەکرێت بە هۆیەوە دەسەڵاتی کارگێڕی فراوان بکرێت و ئازادیە کەسییەکان کۆت و بەند بکرێن، لەو کاتانەی کە هەڕەشە لە سەلامەتی نیشتیمانی دەکرێت بە ڕودانی شەڕ یان هەڕەشەکردن بە مەترسیەکانی شەڕ یاخود تێکچونی باری ئاسایش یان ڕودانی لافاو و نەخوشی گوێزراوە و کارەساتی سروشتی، و لە دۆخێکی هاوشێوەدا دەوڵەت جاڕی ئەحکامی عورفی دەدات کە سیستەمێکی هەڵاوێردراوی ترسناکە و ئازادیە کەسییەکان کۆت و بەند دەکات و گەرەنتیە دەستورییەکان لە کاردەخات. و پاساوی ئەمەش بیرۆکەی پێویستییە کە دەسەڵاتی فراوان دەداتە حکومەت بۆ ڕوبەڕوبونەوی بارودۆخی بەپەلە بە ئامانجی پاراستنی سەلامەتی دەوڵەت. و لە گوتارێکدا کە ئاراستەی گەل دەکات ئاگاداری دەکاتەوە لە ڕێکارە لەبەرگیراوەکان ...هتد. (أديب، هەمان سەرچاوە: ٢٣٧)

لە ڕوی یاسادانان و دەقی یاساییەوە ئەستەمە پێناسەیەکی ڕون و ئاشکرا بۆ بارودۆخی هەڵاوێردراو بدۆزینەوە، بەڵام دەتوانین لە ئاراستە یاسایی و دەستورییەکاندا چوارچێوەیەک بۆ مەبەست یاخود ناساندنی بارودۆخی هەڵاوێردراو هەڵێنجین. لە دەستوری کۆماری پێنجەمی ساڵی ١٩٥٨ی فەرەنسیدا و لە دەقی ماددەی ١٦ی دەستوری ئەو وڵاتەدا هاتوە ئەگەر هاتو دامەزراوەکانی کۆماری یاخود سەربەخۆیی دەوڵەت یانیش یەکیتی خاک یان ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکان، دوچاری مەترسی توند و تێکدەرانە و لەناوبەر بۆنەوە، و لەو کاتەدا دەسەڵاتی دەستوری گشتی دەستەوەستان بۆ لە بە باشی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا، سەرۆک کۆمار دەتوانێت ڕێکاری خۆپارێزی کە بارودۆخەکە بخوازێت بگرێتەبەر دوای ڕاوێژکردنی بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی پەرلەمان و ئەنجومەنی دەستوری. (الموسوي، ٢٠١٨: ١١٣)

هەروەها بیرۆکەی بارودۆخی هەڵاوێردراو هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە زۆربەی دەستورەکانی ئەو وڵاتەدا هەبوە، هەروەکو لە سەردەمی پاشایەتی و لە یاسای بنەڕەتی عێراقی هەڵوەشاوە بۆ ساڵی ١٩٢٥ لە ماددەی ٢٦ بڕگەی ٣ دا هاتوە "ئەگەر لە کاتی پشوی ئەنجومەنی گەلدا پێویستی کرد هەندێک ڕێکاری بەپەلە بۆ پاراستنی سیستەم و ئاسایشی گشتی یاخود بەرپەرچدانەوەی مەترسیەکی گشتی یانیش خەرجکردنی بڕە پارەیەک بەپەلە، کە خەرج کردنی لە ناو بودجەدا یانیش بە یاسای تایبەت ڕێپێنەدراوە، ئەوا پاشا بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران مافی دەرکردنی فەرمانی هەیە کە هێزی یاسایی هەیە".

لە سەردەمی کۆماریدا و بۆ جاری یەکەم بە شێوەیەکی ئاشکرا باس لە بارودۆخی هەڵاوێردراو کراوە. (عبدالقادر، ٢٠١١: ٩٢) لە ماددەی ٥١ی دەستوری کاتی عێراقی هەڵوەشاوە لە ساڵی ١٩٦٤ دا هاتوە "سەرۆک کۆمار مافی دەرکردنی بڕیاری هەیە بە هەمان هێزی یاسا بە مەبەستی پاراستنی کیان و سەلامەتی کۆمار لە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتیمانی و سەرکردایەتی شۆڕش لە کاتی هەبونی مەترسییەکی گشتی یاخود گومانی دروستبونی مەترسییەکە بە شێوەیەک کە هەڕەشە لە سەلامەتی نیشتیمانی و ئاسایشەکەی بکات".

لە سەردەمی عێراقی نوێیدا، بە پێچەوانەی سەردەمی کۆماری کە گشت دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەستی سەرۆک کۆماردا قورخکرابون، تێبینی زیاتر دیموکراسیبونی سیستەمی سیاسی و یاسادانان و گرتنەبەری ڕێکاری خۆپارێزی بۆ بەرەنگاربونەوەی مەترسییەکانی دۆخی هەڵاوێردراو دەکرێت. و لە ماددەی ٦١ بڕگەی ٩ی دەستوری هەمیشەیی عێراقی بەرکار لە ساڵی ٢٠٠٥ دا "تەنها دەسەڵاتی پێشنیارکردن بە هاوبەشی دراوەتە هەریەکە لە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنەکە و ڕاگەیاندنی دۆخی هەڵاوێردراو و فریاگوزاری بە ڕێژەی ٣/٢ی ئەندامانی، ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ و بۆ هەر دوبارەبونەوەیەک دەبێت ڕەزامەندی بداتەوە.

یاسادانەری هەرێمی کوردستان لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق بە ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ و لە مادەی ١٠ بڕگەی ٥ دا لە بارەی ناساندی بارودۆخی هەڵاوێردراودا ڕێکارەکانی ڕاگەیاندنی بارۆدوخی هەڵاوێردراو بە ڕونی دیاریدەکات و دەڵێت کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستەمە سیاسییەکەی، یان ئاسایشی گشتی هەرێم، یان دامودەزگا دەستورییەکانی بکەونە مەترسییەکی ئەوتو، هەڕەشە لە هەبونی بکا، و پەرلەمانی کوردستان نەتوانی کۆببێتەوە، ئەوا لەو بارەدا سەرۆکی هەرێم دوای ڕاوێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیار دەردەچوێنێ، کە هێزی یاساییان هەیە، بە مەرجێ ئەو بڕیارانە لە یەکەمین کۆبونەوەدا بخرێنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی پەسەندکردنی. خۆ ئەگەرهاتو نەخرانە بەردەمی یان خرانە بەردەمی و پەرلەمان پەسەندی نەکردن، ئەوا لەو بارەدا سیفەتی یاساییان نامێنێ.

لە دەرەنجامی ئەوەی کە باسکرا دەردەکەوێت کە یاسادانەر لە دەستور و یاسا نیشتیمانییەکاندا بە ڕونی ئاماژە بە پێناسەی بارۆدوخی هەڵاوێردراو ناکات بەڵام لە ژێر ڕوشنایی دەقەکانیاندا توێژەران هەوڵی پێناسەکردنی بابەتەکەیان داوە. کە ئەمەش تاڕادەیەکی باش هاوکار بوە لە ناساندنی بارۆدوخی هەڵاوێردە و جیاوازییەکەی لەگەڵ بارۆدوخی ئاسایی.

### ٢,١,٢. حالاتەکانی بارودۆخی هەڵاوێردراو

هەر ڕاگەیاندنێکی ئەحکامی عورفی یاخود باری فریاگوزاری یانیش ڕودانی شەڕ بە مانای ئاشکراکردنی هەبونی بارودۆخێکی نائاساییە، کە پێویستی بە گرتنەبەری ڕێکاری بە پەلەیە. لە فیقهی یاساییدا دو تێڕوانین هەن، یەکەمیان ڕای وایە کە ئەحکامی عورفی و باری فریاگوزاری هەمان شتن، بەڵام تێڕوانینی دوەم ڕای وایە کە جیاوازن. (الجنابي، ١٩٨١: ٨٤-٨٥) لە عێراقدا و لە یاسای بنەڕەتی عێراقی هەڵوەشاوە لە ساڵی ١٩٢٥دا و لە ماددەی ٢٦ بڕگەی ٩دا هاتو کە پاشا دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی هەیە و هەروەها لە ماددەی ١٢٠ بڕگەی ٢دا هاتوە کە پاشا بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی باری فریاگوزاری هەیە، (خضير، ٢٠٢٣: ٣٣٣) بەڵام لە دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ یاسادانەری دەستوری لە ماددەی ٦١ بڕگەی ٩دا تەنها باس لە باری فریاگوزاری دەکات ئەمەش بەو مانایە دێت کە لە عێراقدا کار کردن بە ئەحکامی عورفی هەڵوەشاوەتەوە. لەم تەورەدا تیشک دەخەینە سەر حاڵەتەکانی بارودۆخی

هەڵاوێردراو و جیاوازییەکانیان، لە تەوەری یەکەمدا باس لە ئەحکامەکانی باری فریاگوزاری و لە تەوەری دووەمدا ئەحکامەکانی عورفی باس دەکەین.

**٢,١,٢,١. ئەحکامی باری فریاگوزاری**

هەروەک وڵاتان بۆ هەمیشە بەیەک ئاراستە و بارودۆخی جێگردا گوزەرناکەن، بە هەمان شێوە مەترسییەکان کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگە دەکەن جیاوازن و چاوەڕێش ناکرێت بە هەمان ئامرازی یاسایی و کارگێڕی بتوانرێن بەرەنگاری مەترسییە جیاوازەکان بکرێتەوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش جیاوازی کراوە لە نێوان ئەحکامی عورفی سەربازی و ئەحکامی عورفی سیاسی کە بە باری فریاگوزاریش ناودەبرێت. توێژەران سەرنجیان ئەوەیە کە تایبەتمەندی ئەحکامی باری فریاگوزاری ئەوەیە کە دەکەوێتە ژێر تایبەتمەندی دەسەڵاتی کارگێڕی شارستانی و مەترسی هەڕەشەکانیشی کەمترە لە ئەحکامی عورفی. (بحر، ٢٠١٧: ٦٢-٦٣)

باری فریاگوزاری لە کاتێکدا ڕادەگەیەنرێت کە ئاسایش و سەقامگیری یاخود سیستەمی گشتی لە وڵاتدا بە شێوەیەکی گشتگیر یاخود بەشەکی ڕووبەڕوی مەترسی دەبێتەوە. کەواتە توندی و گەورەیی مەترسی و زیانەکانی دۆخی دروستبو بەسەر ئاسایشی نیشتیمانییەوە هۆکاری سەرەکی ڕاگەیاندنی باری فریاگوزارییە لە گشت وڵات یاخود بەشێکی، نەک خۆدی دۆخەکە. ئەمەش هانی دەوڵەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەدات بە گرتنەبەری هەندێک ڕێکاری پێویست و گونجاو بۆ بەرەنگاربونەوەی مەترسییەکان و سەپاندنی هەندێک کۆت و بەندی یاسایی و کارگێڕی بەسەر ئازادی هاووڵاتیانەوە بە لەکارخستنی هەندێک ئەحکام و پرەنسیپی دەستوری کە لە دۆخی ئاساییدا ئەو دەسەڵاتەی نییە. (اللبيدي، ٢٠٠٨: ٢٦٤)

بیانوی سەپاندنی ئەحکامی باری فریاگوزاری پاراستنی بەرژەوەندی نیشتیمانی و ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتیانە، هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی لەسەر بنەمای پێشینەیی بەرژەوەندییە گشتییەکان بەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە، هەر بۆیەشە کۆمەڵێک ئاسەواری نەرێنی لە سەپاندن یاخود ڕاگەیاندنی باری فریاگوزاری و فراوانکردنی بژاردە کارگێڕییەکانی دەسەڵاتی جێبەجیکار دەکەوێتەوە. کە بەهۆیەوە دەتوانێت کۆتوبەند بخرێتە سەر ئازادییە کەسییەکان. (الجنابي، هەمان سەرچاوە: ٩٠)

کاریگەری هەرە بەرچاوی ڕاگەیاندنی ئەحکامی باری فریاگوزاری لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا، دەکەوێتە سەر پرەنسیپی ڕەوایەتی لە یاساداناندا، وەکو چوارچێوەی ڕەفتاری دەسەڵات و دامەزراوەکانی لە پابەندبونی ڕەها بە یاسا لە هەموکات و سەردەمەکاندا، کەچی لە باری فریاگوزاریدا؛ گرنگی و پێویستی کۆمەڵگە لە پێناو دابینکردنی ئاسایشدا دەرفەت دەدات بەو دامەزراوانە بە شێوەیەکی کاتی و بەپێی مەرجی تایبەت و دیاریکراو لە ژێر پرەنسیپی ڕەواییدا دەربچن و کار بە بنەما یاسایی و بڕیارە کارگێڕییە هەڵاوێردراوەکان بکەن. بۆ ئەمەش زۆربەی یاساکان بە پێویستی دەزانن کە هۆکار و چەندییەتی مەترسییەکان کە بارودۆخە هەڵاوێردراوەکە لەسەر کیان و ئاسایشی نیشتیمانی دروستی کردوە بە ڕونی و ئاشکرا ڕابگەیەندرێن. (الشكراوي و البديري، ٢٠١٤: ٢٥) چونکە ئەم دەسەڵاتانە هەر دەبێت لە کارکردنیاندا ملکەچی بنەما دەستوری و یاساییەکان بن. (القائفي، ٢٠٠٦: ١٨٨)

لە ڕوی بنەمای یاساییەوە، باری فریاگوزاری بنەمای یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نیشتیمانی هەیە، لە یاسای نێودەوڵەتیدا و لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ هەندێک دەقیان تێدایە کە ماف دەداتە دەوڵەت لە کۆت و بەند کردنی ئازادییە کەسییەکان لە بارودۆخی هەڵاوێردراو، وەکو کارەسات و شەڕ کە وڵات پێدا تێپەڕ دەبێت. (بحر،

هەمان سەرچاوە: ٤٠) بۆ نمونە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکان لە ساڵی ١٩٦٦، لەم پەیماننامەیەدا داواکراوە کە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگیرێت لە کاتی باری فریاگوزاریدا. (دخیل، ٢٠٠٩: ٥٦)
هەروەها لە ڕێککەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٥٠ و لە ماددەی ١٥دا و لە ڕێککەوتننامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٦٩ و لە ماددەی ٢٧ برگەی ١دا هاتوە "لایەنەکانی ئەندام لەم ڕێککەوتننامەیەدا بۆیان هەیە لە کاتی شەڕ و باری فریاگوزاریدا و لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا ڕێکاری پێچەوانەی ئەرکەکانیان کە لەم ڕێککەوتننامەیەدا هاتوە بگرێتەبەر بە مەرجێک پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی نەبێت و لە سەر بنەمای جیاکاری نەژادی، ڕەنگی پێست، ڕەگەز، زمان، دین و ڕەچەلەکی کۆمەڵایەتی نەبێت". (European Convention, 1950 - American Convention, 1969)
بەگوێرەی یاسا نیشتیمانییەکان؛ وڵاتان بە ئاراستەی جیاوازدا ئەحکامی باری فریاگوزاری ڕێکدەخەن، هەروەکو پێشتر خرایەڕو یاسادانەری ئینگلیزی لە یاسای فریاگوزاری ساڵی ١٩٢٠ەوە، هیچ یاسایەکی فریاگوزاری پێشوخت دەرناکات، بەڵام ڕێگە دەدات بە دەسەڵاتی جێبەجێکار بۆ دەرکردنی یاسای تایبەت بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و مەرجە دۆخەکە و ئەو ناوچەیەی کە تێیدا جێبەجێ دەکرێت لە یاساکەدا باس بکات. بەڵام یاسادانەری فەرەنسی ئاراستەیەکی دیکە دەگرێتەبەر و پاڵپشتی هەبونی یاسای حاڵەتی باری فریاگوزاری بەر لە ڕودانی بارودۆخی هەڵاوێردراو دەکات کە بنەماکانی یاسای هەڵاوێردراو لەخۆبگرێت کە لە کاتی ڕێزپەڕ و لەناکاودا جێبەجێبکرێت. (قادر، ٢٠١٩: ٦٢٨)
یاسادانەری میسری لە ماددەی ١٥٤ی دەستوری ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو لە ٢٠١٩ دا دەڵێت" سەرۆک کۆمار لە دوای وەرگرتنی بۆچونی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئەو بنەمایەی کە یاسا ڕێکی خستوە باری فریاگوزاری ڕادەگەیەنێت، و دەبێت ئەم ڕاگەیەندراوە لە ماوی حەوت ڕۆژدا بنێردرێتە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەگەر ئەنجومەن لە خولی دانیشتندا نەبو ئەوا داوای لێدەکرێت کە کۆبونەوە ئەنجام بدات و لە هەمو بارەکاندا ڕاگەیاندنی باری فریاگوزاری پێویستی بە ڕێژەی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە...هتد". (الموسوي، هەمان سەرچاوە: ١١٦)
یاسادانەری دەستوری عێراق لە یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥دا باسی لە حاڵەتی باری فریاگوزاری کردوە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە دەستورەکانی ساڵانی ١٩٥٨، ١٩٦٣ و ١٩٦٤دا باسی لەم حاڵەتە نەکردوە. بەڵام لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ و لە ماددەی ٦١ برگەی ٩دا باسی لە ئەحکامی باری فریاگوزاری کردوە و ڕێکارەکانی دەرکردنی و دەسەڵاتی تایبەتمەند بە دەرکردنی دیاریکردوە.
لە ڕوی یاساییەوە یاسادانەری عێراق یاسای سەلامەتی نیشتیمانی ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٦٥ی دەرکردوە، و ڕێگەی داوە بە ڕاگەیاندنی حاڵەتی باری فریاگوزاری لە هەر ناوچەیەکی عێراقدا ئە گەر مەترسی یاخود شلەژانێکی ترسناک لە ئاسایشی نیشتیمانی ڕویدا (ماددەی ١ برگەی ١ و ٢). و لە ماددەی ٢ی هەمان یاسادا هاتوە کە ڕاگەیاندن و کوتایی هێنان بە حاڵەتی باری فریاگوزاری بە دەرکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی کۆمار و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت و دەڵێت پێویستە فەرمانەکە ئەمانە لەخۆبگرێت: (١- ئاشکرا کردنی هۆکاری ڕاگەیاندنەکە ٢- دیاریکردنی ئەو ناوچەیەی کە دەیگرێتەوە ٣- ڕێککەوتی بەرکاربونی).
حکومەتی کاتی عێراق لە ٢٠٠٤/٠٧/٠٦ و پاڵپشت بە یاسای ئیدارەدانی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، فەرمانی بەرگری لە سەلامەتی نیشتیمانی ناسراو بە "یاسای فریاگوزاری" ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٤ دەرکرد بە ئامانجی بەدیهێنانی یاسایەکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی دۆخی هەڵاوێردەی بەدیهاتو لە ئەنجامی ڕوخانی ڕژێمی پێشو، و یاساکە دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی باری فریاگوزاری داوە بە سەرۆک وەزیران بۆ ماوی ٦٠ ڕۆژ و درێژ کردنەوەی ئەگەر پێویستی کرد. بەگوێرەی ئەم یاسایە

ڕێگە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دراوە هەندێک ڕێکاری وەک سەپاندنی قەدەغەی هاتوچو، داخستنی ڕێگاکانی وشکانی، ئاوی و ئاسمانی، قەدەغەکردن یاخود سەپاندنی کۆت و بەند لەسەر کۆبونەوە گشتییەکان، چاودێریکردنی پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکان، لەگەڵ دەسەڵاتێکی فراوان بۆ پشکنینی شوێن و کەس و دەستگیرکردنی گومانباران.

لە هەرێمی کوردستان و بەگوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی باری فریاگوزاری لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران(بڕگەی ٥ ماددەی ١٠، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە ١ ساڵی ٢٠٠٥). بەڵام بەر لە دەرچونی ئەو یاسایە و لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٠٣/١٩ و بە بڕیاری ژمارە ٣٤ی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان- عێراق پاڵپشت بە بڕگەی ١ لە ماددەی ٥٦ لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو و لەسەر پێشنیاری ڕێژەی یاسایی ئەندامانی، پەرلەمان بڕیاریدا بە ڕاگەیاندنی باری فریاگوزاری بە هۆی شەڕی چاوەڕوانکراو لە عێراق و هەرێمی کوردستان. هەروەها هەمان ئەنجومەن بە ڕەزامەندی ڕێژەی یاسایی ئەندامانی بڕیاریدا بە کوتایهێنان بە باری فریاگوزاری ڕاگەیەندراو بە بڕیاری ژمارە ٣٤ی لە دوای نەمانی مەترسییەکانی شەڕ بە بڕیاری ژمارە ٣٥ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٠٤/٢٠ (دەقی بڕیارەكانی ژمارە ٣٤ و ٣٥ی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمی-كوردستان).

### ٢,١,٢,٢. ئەحکامی عورفی

ئەحکامی عورفی بەوە ناسراوە، پێویستی ڕاگەیاندنی لە کاتێکدا دەبێت کە ئاسایشی نیشتیمانی و کیانی دەوڵەت و سیستەمی گشتی دوچاری مەترسییەکی ڕوخێنەر دەبن وەکو دۆخی شەڕ و داگیرکاری دەرەکی یاخود هەڵگەڕانەوەی چەکداری و شۆڕش یانیش ئاشوب و ئاژاوەگێری مەترسیدار کە تەنگژەیەکی مەترسیدار دژ بە ئاسایش دروستبکات و ڕوبەڕوبونەوەی بۆ دەسەڵاتە جێبەجێکارە سەرکارەکان بە یاسا بەرکارەکان ئەستەم دەبێت. (سليمان و عگيلي، هەمان سەرچاوە: ٦١)

ئاراستە فیقهییەکان و توێژەران ڕایان وایە کە ئەحکامی عورفی، بریتییە لەو ئەحکامانەی کە لە کاتی ڕودانی دەستدرێژیکاری سەربازی لەسەر دەوڵەت یاخود لە کاتی سەرهەڵدانی جەنگ یانیش لەكاركەوتنی ئۆپەراسیۆنە بەرگریكارییە سەربازییەکان لە وڵات لە ئەنجامی هێرشکردنە سەر دامەزراوەی سەربازی و توانا لوجیستییەکانی دەردەکرێن، بە ئەحکامی عورفی سەربازی ناویدەبەن. ئەمەش بە مانای سەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی دێت وەکو جێگرەوە بۆ دەسەڵاتی کارگێڕی یاخود شارستانی، کە زیاتر لە کاتی جەنگدا دەبێت و دەسەڵاتی سەربازی بە شێوەیەکی کاتی کۆمەڵێک بنەمای فراوان و ترسناک بەسەر تاک و کۆمەڵگەدا دەسەپێنن، کە هەندێکجار لە کارخستنی دەستور و یاساکانیش دەگرێتەوە، هەر بۆیەشە فیقهی یاسایی ڕای وایە کە ئەم ئەحکامانە لە بارودۆخی هەڵاوێردراوادا مەترسی بۆ سەر ماف و ئازادییەکان دروست دەکەن. (الموصلي، ٢٠٢١: ١٧-١٨) یەکێکی دیکە لە کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی دامەزراندنی دادگەی سەربازییە وەکو جێگرەوەی دادگە شارستانییەکان؛ کە کار بە بنەما یاساییە سەربازییەکان دەکات و ئەم بنەما یاسایی و دادگە سەربازیانە سزای توندتر دەسەپینن لە چاو بنەما یاساییە شارستانییەکان و دادگاکانی، بەتایبەت لە ناوچەکانی جەنگ یا خۆد ئەوانەی کە ئەحکامی عورفی تێدا سەپێنراوە. (الشكراوي و البديري، ٢٠١٤: ٢٢)

ڕاگەیاندن یاخود سەپاندنی ئەحکامی عورفی مەرج نییە تەنها دەسەڵاتی نیشتیمانی و حکومەتی خۆماڵی دەریبکەن، بەڵکو هەندێکجار لەلایەن هێزی سەربازی داگیرکاریش دەسەپێندرێت بە مەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و کۆنترۆڵکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە بەرژەوەندی ئامانجە داگیرکارییەکانی. (بحر، هەمان سەرچاوە: ٥٣)

تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی ئەحکامی عورفی، ئەوەیە کە سەرپێچی بنەما یاساییە ئاساییەکان دەکات بە بیانوی ناکارامەیی ئەو یاسایانە لە بەرەنگاربونەوەی بارودۆخی هەڵاوێردراو و چارەسەری هەڕەشە و مەترسییەکانی بە سەر ئاسایشی

نیشتیمانییەوە، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی فراوان دەدات بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن و هێزی سەربازی. ئەمەش مەترسی زۆری هەیە، چونکە کاتێک کە دەسەڵاتی کارگێڕی دەبینێت کە بەپێی یاسا دەسەڵاتی فراوانی پێدراوە بە دەرفەتێکی دەزانێت کە هانای بۆ ببات بە ئامانجی هێنانەکایەی بارودۆخێک کە بتوانێت دەسەڵات قورخبکات، بۆ چارەسەری ئەمەش هەندێک توێژەر ڕایانوایە کە نابێت ئەحکامی عورفی بەبێ هەبونی مەترسی ڕاستەقینە و هۆکاری دیار و ئاشکرا ڕابگەیەندرێت. (الجنابي، هەمان سەرچاوە: ١٣٣)

بەڵام ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە هیچ پێویستییەک بۆ هەبونی ئەحکامی عورفی لە سیستەمە دیموکراسییەکانی وەکو عێراق و هەرێمی کوردستاندا نابینین، کە دەسەڵاتی سەربازی جێگەی دەسەڵاتی شارستانی بگرێتەوە. هەروەها لە خراپترین دۆخدا هاوڕانین لەگەڵ هەبونی یاسای پێشوختە بۆ ئەحکامی عورفی، بەهانەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە:

یەکەم: پێویستە هەر دۆخێکی هەڵاوێردراو یاسای تایبەت بەخۆی بۆ دەربکرێت لە کاتی هەستکردن بە سەرهەڵدانی و لە هەمانکاتیشدا بگونجێت لەگەڵ ئەو هەڕەشە و مەترسییانەی کە دروستی دەکات، چونکە خێرایی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە خێرایی بەخشێوە بە سەرهەڵدانی جۆری نوێی تاوان و مەترسییەکانی. لە هەمان کاتدا لەم سەردەمە بە هۆی پێشکەوتنە زانستییەکانەوە ڕێگرییەکانی بەردەم کوبونەوەی پەرلەمان تا ئاستی نەمان کەمکراونەتەوە.

دووەم: نەبونی یاسایەکی پێشوختە بۆ ئەحکامی عورفی ڕێگری دەکات لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە ڕەخساندنی دۆخێکی نالەباری ئاسایش تاکو هانا بۆ یاساکە ببات، ئەمەش ڕێکارەکانی ڕاگەیاندنی ئەو جۆرە ئەحکامانە قورس دەکات. چونکە لەوکاتەدا پێویستی بە دەسەڵاتی یاسادانانە لە دەرکردنی یاسای نوێ بەپێی مەرج و هۆکاری دیاریکراو. کە ئەمەش دەرفەت بۆ چاودێری کارای هاونیشتیمانیان و تێگەییشتنیان لە مەرام و مەبەستەکانی دەسەڵات دەرەخسێنێ لەتەک چاودێری دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری؛ تەنانەت لە کاتێکدا کە ئەم دو دەسەڵاتە لەژێر هەژمونی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بن.

بۆ زانینی سەرچاوەکانی ئەحکامی عورفی دەبێت سەرنج بخەینە سەر دەقی دەستوری و یاسایی وڵاتان لە ڕێکخستنی ئەو بابەتە. لە پاشکۆی ١ی ساڵی ١٩٠٨ بۆ یاسای بنەڕەتی عوسمانی ساڵی ١٨٧٦ و لە ماددەی ١١٣دا لە بارەی ئەحکامی عورفی و کاریگەرییەکان هاتوە "ئەگەر هاتو نیشانە یاخود ئاسەوارێک دەرکەوت کە ئاماژە بێت بۆ هەبونی ئاژاو، ئەوا مافی حکومەتە بەڕێوبەریتی عورفی بە شێوەیەکی کاتی و تایبەت لەو شوێنە دەربکات". (موقع مجلس القضاء الأعلى جمهورية العراق: القانون الأساسى العثمانى، ملحق رقم ١، لقانون الأساسي العثماني، سنة ١٩٧٦)

یاسادانەری فەرەنسی لە ماددەی ١٦ی دەستوری ساڵی ١٩٥٨ی هەموارکراو لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، لە بارەی ئەحکامی عورفی دەڵێت "ئەگەر دامەزراوەکانی کۆماری یاخود سەربەخۆیی دەوڵەت یانیش یەکپارچەیی خاکەکەی، یان جێبەجێکردنی ئەرکە نێودەوڵەتییەکان بکەونە بەر هەڕەشەی توند و وێرانکار، و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی دەستوری نەتوانێ کارە ئاساییەکانی خۆی ئەنجام بدات...هتد. دەکرێت ئەحکامی عورفی لە فەرەنسا ڕابگەیەندرێت. هەروەها لە ماددەی ٣٦ دا دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی هەر بارۆدوخێکی هەڵاوێردە یاخود ئابلوقەدانی داوەتە ئەنجومەنی وەزیران و مەرجی درێژکردنەوەشی بۆ ماوەی زیاتر لە ١٢ ڕۆژ مەرجدار کردوە بە ڕەزامەندی پەرلەمان. لە میسر بۆ یەکەمجار لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانی، لە ساڵی ١٩١٤ سود لە ئەحکامی عورفی وەرگیرا و تاکو بە دەرچونی دەستوری ساڵی ١٩٥٦ ئەحکامی عورفی، گۆڕا بۆ باری فریاگوزاری. (البيدي، هەمان سەرچاوە: ٢٦٥)

لە یاساداناني عێراقدا ئەحکامی عورفی بۆ یەکەمجار(الجنابي، هەمان سەرچاوە: ١٢٩) لە یاسای بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥دا هاتوە و دەڵێت "پاشا فەرماندەی گشتی هەمو هێزە چەکدارەکانە، و مافی ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی هەیە". (بڕوانە دەقی برگەی

٩ی ماددەی ٢٦ی یاساکە) لە سەر بنەمای ئەو ماددەیە و بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی بە پاشا درابو عێراق دوچاری چەندین بارودۆخی لەناکاو و نائاسایی هات و چەندین جار ئەو ئەحکامە عورفیانە پشت بەست بە ئیرادەی پاشایەتی دەرکراون کە زۆربەیان بەبێ هۆکاری پێویست و مەرجی یاسایی و تەنانەت پێچەوانەی بنەماکانی هەبونی بارودۆخی هەڵاوێردراو بون. وەکو ئیرادەی پاشایەتی ژمارە ١٦٩ی ساڵی ١٩٣٥، و ژمارە ٢٥٥ی ساڵی ١٩٤١، و ژمارە ٣١٩ی ساڵی ١٩٤٨.

لە سەردەمی کۆماریدا و لە دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٤دا، ماددەی ٤٨ دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی داوەتە سەرۆک کۆمار دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتیمانی و سەرکردایەتی شۆڕش.

لەسەر بنەمای ئەوەی کە باسکرا، دەرکەوت کە لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی دەسەڵاتی سەربازی جێگەی دەسەڵاتی شارستانی دەگرێتەوە و ئەمەش دەرهاویشتەی خراپی بەسەر ئازادییە گشتییەکان دەبێت و گەرەنتیە دەستوری و یاساییەکان بۆ ماف و ئازادییەکان لە کاردەخات، هەربۆیەشە لە دەستوری سیستەمە دیموکراسییەکاندا و بە پێچەوانەی سیستەمە دیکتاتوری و تاکەکەسییەکان مافی ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن سنوردارکراوە یان تەنانەت نەهێڵدراوە. هەروەکو لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥ کە دەستوری بەرکارە و دەستورەکانی پێشخۆی هەڵوەشاندوتەوە ئەحکامی عورفی باس نەکراوە و لەجیاتی ئەو حاڵەتی فریاگوزاری دانراوە بە مەرجی ڕون و ئاشکرا. (بڕگەی ٩ ماددەی ٦١ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥)

### ٢.٢. ئەحکامەکانی بارودۆخی هەڵاوێردراو

لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا پاراستنی بەرژەوەندییە پارێزراوەکان و سیستەم و ئاسایشی گشتی؛ کۆمەڵگە و دەوڵەت ناچار دەکات بۆ خۆپارێزی و کەمکردنەوی کاریگەرییە مەترسیدار و زیانەکانی بارودۆخە بەدیهاتوەکە هەندێک بنەما و مەرج دابنێن کە لە هەندێک حاڵەتی دیاریکراوی ڕێزپەڕدا نەبێت مافی سود وەرگرتن لەو دەسەڵاتانەی نییە، لەم تەورەدا باس لە بنەماکانی بارودۆخی هەڵاوێردراو و مەرجەکانی دەکەین.

#### ٢،٢،١. بنەماکانی بارودۆخی هەڵاوێردراو

هەبونی بارودۆخی هەڵاوێردراو لە ڕوی فیقهییەوە بنەما و بنچینەی دیاریکراوی هەن، کە بەبێ هەبونیان ناکرێت بانگەشەی دۆخی نائاسایی لە وڵاتدا بکرێت کە لەم تەوەرەدا باس لە بنەمای ڕاستەقینە و بنەمای بیرۆکەی پێویستی دەکەین.

##### ٢،٢،١،١. بنەمای ڕاستەقینە

بۆ ئەوەی ڕەفتاری دەسەڵاتی جێبەجێکار لە دیدی دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و هاونیشتیمانیان؛ کە ڕۆڵی چاودێر دەبینن بنەمایەکی ڕاستینە و باوەڕپێکراویان هەبێت، دەبێت گواستنەوەی وڵات لە بارودۆخێکی ئاسایی بۆ بارودۆخێکی نائاسایی و ڕاگەیاندنی بارودۆخی هەڵاوێردراو لەسەر بنەما و بیانوی ڕاستەقینە بن. چونکە پاڵپشتی گەل بۆ هەنگاوەکانی دەوڵەت پێویستی بە بنەمای ڕاستەقینە هەیە، کە دڵنیایان بکاتەوە لەوەی کە هەڕەشەی مەترسیدار لەسەر ئاسایش و سەقامگیری وڵات هەیە.

لەم سونگەیەوە هەبونی مەترسی و هەڕەشەی ڕاستەقینە لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی، مەرج و بنەمایەکی سەرەکی هاتنەبونی بارودۆخی هەڵاوێردراوە، کە ڕەوایەتی دەدات بە دەسەڵاتی کارگێڕی پشت لە یاسا ئاساییەکان و پرەنسیپی ڕەوایەتی بکات لە بەرانبەر یاسا هەڵاوێردراوەکان. کەواتە دەبێت مەترسییەکان ڕاستەقینە بن و لە ئاستێکی توندا

ڕویانداب‌ێت یانیش لە ئان و ساتی ڕوداندابن و هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتیمانی بکەن وەکو پێشێلکاری بەرانبەر سەلامەتی و سەربەخۆیی و سەروەری کیانی دەوڵەت و دامەزراوە دەستوری و ئابوریە نەتەوەییەکەی. (المزوري، ۲۰۰۷: ۳۱)

لێرەدا مەترسی واتا حاڵەت یان بنەمای ڕاستەقینە کە چاوەڕێ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییە زیندوەکانی دەوڵەتی لێدەکرێت. بەڵام بۆ هاتنەدی بنەمایەکی ڕاست و ڕەوان بۆ ڕاگەیاندنی بارودۆخی هەڵاوێردراو و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بە ئامانجی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان مەرج نییە زیان بهێتەدی تاوەکو دەوڵەت ڕێکارەکان بگرێتەبەر بەڵکو مەترسیەک کە گۆمانی زیانی لێدەکرێت بەسە بۆ هاتنەدی ئەو بنەمایە. (سليمان و العگيلي، سەرچاوەی پێشو: ۷۱) کەواتە دەتوانین بڵێین بۆ هەبونی بارودۆخی هەڵاوێردراو و لەناکاو بیرۆکەی مەترسی بنەمایەکی ڕاستەقینەیە کە دەوڵەت پشتی پێببەستێت لە ڕاگەیاندنی باری فریاگوزاری یاخود ئەحکامی عورفی.

**٢,٢,١,٢. بنەمای پێویستی**

بیرۆکەی پێویستی بنەمایەکی فەلسەفی و یاسایی هەیە. (أديب، سەرچاوەی پێشو: ۲۳۹-۲٤۰) بەکاردێت بۆ بەرەنگاربونەوەی بارودۆخی نائاسایی ڕاستەقینە و هەڵاوێردراو، بیرۆکەی پیویستی جەخت لەسەر ئەو دەکاتەوە کە یاساکان دادەنرێن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە. کەواتە بنەما و ئەحکامی یاسایی نابێت پێچەوانەی ئەو بەرژەوەندییانە بن کە جێی بایەخی دەوڵەتن. ئەمەش مانای وایە کە یاساکان ئامرازن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان کە ئەوانیش لە پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتیمانی کۆدەکرێنەوە. بۆیە کاتێک وڵات ڕوبەڕوی دۆخێکی ترسناک دەبێتەوە کە هەڕەشە لە سەقامگیری و ئاسایش بکات ئەوا پێویستە دەوڵەت بۆ پاراستنی خۆی ڕێکاری خێرا و لەناکاو بگرێتەبەر بە ئاگاداری دەسەڵاتی یاسادانان. (خضير، هەمان سەرچاوە: ۳۳۰-۳۳۱)

کۆدەنگییەکی فیقهی هەیە کە بیرۆکەی پێویستی بنەمای سەرەکی بارودۆخی هەڵاوێردراوە، لە فیقهدا مەبەست لە پێویستی؛ ئەو دۆخە ترسناکە هەڕەشە ئامێزە هەنوکەییەیە کە بەرەنگاربونەوەی بە ئامرازە ئاساییەکان ئەستەمە. (جاسم، ۲۰۰۷: ۲٤۰) بیرۆکەی پێویستی بە یەکێک لە گرنگترین بیرۆکەکانی یاسای گشتی و بەتایبەتی یاسای دەستور دادەنرێت، بە هۆی جەختکردنەوەیان لەسەر پێویستی مانەوە و سەلامەتی دەوڵەت؛ بە پشت بەستن بە پرەنسیپی ڕەوایەتی یاسایی، ئەمەش بە جێبەجێکردنی یاساکان لە لایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە دەبێت. (الجنابي، هەمان سەرچاوە: ٥٩-٦٠)

لە میانەی ئەوەی کە باسکرا، دەردەکەوێت کە بنچینەی بیرۆکەی پێویستی، هەبونی مەترسی و هەڕەشەیە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری نیشتیمانی. کە دەسەڵاتی کارگێڕی ناچاردەکات ڕێکاری خۆپارێزی بگرێتەبەر نەک خۆدی بارودۆخی هەڵاوێردراو، بە مانای ئەوەی کە ئەو مەترسییە وادەکات پێویست بکات هانا بۆ ڕاگەیاندنی بارودۆخی هەڵاوێردراو ببرێت. هەر لەبەرئەوەشە کە هەندێک کەس ڕایانوایە کە بیرۆکەی پێویستی مافی دەوڵەتە، و ئەو ڕێکارانەی کە دەگرێتەبەر ڕەواییان هەیە لەبەرئەوەی هەوڵی پاراستنی تەناهی و ئاسایشی نیشتیمانی دەدات وەک بەرژەوەندیی گشتی.

**٢,٢,٢. مەرجەکانی بارودۆخی هەڵاوێردراو**

لە میانەی ئەوەی کە باسکرا، بە ڕەچاوکردنی هەڵوێستی یاسا نێودەوڵەتی و یاسا نیشتیمانییەکان بە تایبەتی دەستوری وڵاتان دەرکەوت کە بۆ ڕاگەیاندنی بارودۆخی هەڵاوێردراو و ئەحکامەکانی چەند مەرجێک لەبەرچاوگیراون. لەم تەورەدا باس لەو مەرجانە دەکەین.

**٢,٢,٢,١. هەبونی دۆخێکی هەڵاوێردراو**

دەوڵەت یاخود دەسەڵاتی کارگێڕی بۆ ئەوەی بتوانن هانا بۆ دەسەڵاتە نائاساییەکانیان ببەن و مافی سەرپێچی بنەمای یاسایی بەرکاریان هەبێت، مەرجە بارودۆخی هەڵاوێردەی ڕاستەقینە ڕوبەڕوی نیشتیمان و پێکهاتە سەرەکیەکانی کە بریتین لە گەل و خاک و دەوڵەت بوبێتەوە، بەشێوەیەک کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان دروستکردبێت کە نەکرێت بە بەکارهێنانی ڕێکاری ئاسایی ڕوبەڕوی ببێتەوە. (العیساوي، هەمان سەرچاوە: ٢٦)

هەر بۆیەشە مەرجی یەکەمی بیرۆکەی بارودۆخی هەڵاوێردراو هەبونی خۆدی بارودۆخی هەڵاوێردراو و نائاساییە، کەواتە لە کاتی نەبونی بارودۆخەکە هیچ پێویستییەک بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکان یان دەرچون لە بنەمای باو و تایبەتمەندییەکانی نییە. بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە هەر بارودۆخێکی هەڵاوێردراو تایبەتمەندی خۆدی خۆی هەیە کە لە بارودۆخێکی تر ناچێت، بۆ نمونە تایبەتمەندی سەرهەڵدانی شەڕ لەگەڵ ڕودانی کارەساتی سروشتی و هی ئەویش لەگەڵ نەخۆشی گوێزراوە جیاوازە. (الجنابي، هەمان سەرچاوە: ٦٨) کەواتە بۆ جیاکاری بارۆدۆخی هەڵاوێردراو و بارودۆخی ئاسایی، دەبێت بارودۆخی هەڵاوێردراو هیچ گۆمانێک لە نائاسایی بونی نەبێت. مەترسی هەبێت بۆ ئاسایشی نیشتیمانی و نەتوانرێت بە یاسا و ڕێکارە ئاساییەکان بەرەنگاری ببێتەوە. (الشمري، ٢٠٢٠: ١٤٢-١٤٣) و (الشکراوي و البدیري، هەمان سەرچاوە: ٢٩)

### ٢,٢,٢,٢. بێ توانایی ڕێکارە ئاساییەکان لە بەرەنگاربونەوەی مەترسییەکان

مەرجێکی دیکەی هەبونی بارودۆخی هەڵاوێردراو لە دوای مەترسی، بێتوانایی یاسا ئاساییەکانە لە بەرەنگاربونەوەی ئەو ئالنگارییانەی کە لە ئەنجامی بارودۆخی لەناکاودا دروستدەبن. بە مانایەکی دیکە دەبێت یاساکان دەستەوەستان بن لە ڕوبەڕوبەنەوەی مەترسییەکان تاوەکو دەسەڵاتی کارگێڕی مافی بەکارهێنانی ئامرازی دیکەی هەبێت لە بەپاشدابردنی هەڕەشەکان. کەواتە مەرجە کەموکورتی یاسا ئاساییەکان لە پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لە بەرانبەر مەترسییەکانی بارودۆخی هەڵاوێردە بسەلمێت، لەو کاتەدا دەسەڵاتی کارگێڕی دەتوانێت یاساکان و ڕێکارە ئاساییەکان پشتگوێ بخات و کار بە یاسا و ڕێکاری هەڵاوێردە بکات. بە پێچەوانەوە ئەگەر یاساکان توانای بەرەنگاربونەوەی هەڕەشە و مەترسییەکانیان هەبێت ئەوا پێویست بە ڕاگەیاندنی بارودۆخی هەڵاوێردراو ناکات و مەرجەکانی هەبونی بەدینایەن. (المزوري، هەمان سەرچاو: ٣٢)

لەمەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە بەبێ توانا هەژمارکردنی یاسا ئاساییەکان بەبێ چاودێری نابێت، بەڵکو ملکەچە بۆ چاودێری دادوەری و چاودێری هاووڵاتی کە یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی چاودێری هەڵسوکەوتەکانی دام و دەزگا کارگێڕییەکان، لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی کارگێڕی سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە بسەلمێنێت ڕیکارەکانی بەردەست کەم توانان دەبێ لە سودوەرگرتن لە ڕێکارەکانی هەڵاوێردەش زیادەڕەویی نەکات و نابێت زیانە بەدیهاتوەکانی ڕەفتارەکانی دەسەڵات توندتر بن لە زیانە چاوەڕوانکراوەکانی بارودۆخی هەڵاوێردراو.

### ٢,٢,٢,٣. بە ئامانج گرتنی بەرژەوەندییە پارێزراوەکان

فەلسەفەی بەخشینی دەسەڵات بە دامەزراوە کارگێڕییەکان لە ڕاپەراندنی کارەکانیاندا لە هەر دو دۆخی ئاسایی و نائاسایی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتییە، کەواتە ڕاچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی مەرجی بنچینەیی هەمو هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی کارگێڕییە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا. لەسەر ئەو بنەمایە هەر بڕیار وەرگرتنێک لە لایەن ئەو دەسەڵاتە؛ دەبێت مەبەست لێی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی بێت ئەگینا دەچێتە چوارچێوەی کارکردن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی؛ ئەمەش پێچەوانەی ئەرکە پێراسپێردراوەکان دەبێت. (جاسم، هەمان سەرچاوە: ٢٤٤)

دەرفەتدان بە دەسەڵاتی کارگێڕی بۆ دەربازکردنی سنوری دەسەڵاتەکانی بارودۆخی ئاسایی و هانا بردن بۆ بارودۆخی هەڵاوێردراو، ئامانجەکەی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و سیستەمی گشتی و گەرەنتیکردنی بەردەوامی بەرژەوەندییە گشتییەکانە. ئەگەر دەسەڵات هەوڵی خراپ بەکارهێنانی ئەو دەرفەتەی دا، پرسیار لەسەر ڕەوایەتی ڕێکارەکانی دروست دەکات بە هۆی لادان لە ئەرکەکانی (ليلة، ١٩٦٨: ٨٥) لەوکاتەدا پێویستە دادوەرێتی کارگێڕی لە چوارچێوەی چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی لە باری لەناکاو و نائاساییەکاندا؛ هەوڵی دەستەبەرکردنی هاوسەنگی بدات لە نێوان ئەو بەرژەوەندییە گشتییانەی کە دەسەڵاتە کارگێڕییەکە کاریان بۆ دەکات و ئەو بەرژەوەندییە تایبەتییانەی کە تاک بانگەشەیان بۆ دەکات؛ ئەگەر بۆ دادگە دەرکەوت کە دەسەڵاتی کارگێڕی لە بەکارهێنانی ڕێکارە لەبەرگیراوەکاندا ڕەچاوی هاوڕێژەییبونی نەکردوە لە زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییە تایبەتەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان لە زیان، ئەوا دەبێت بڕیارە کارگێڕییەکان هەڵبوەشێنێتەوە. (المزوري، هەمان سەرچاوە: ٣٣)

### ٣. پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لە تاوانی تیرۆریستی لە بارودۆخی هەڵاوێردراو.

تاوانی تیرۆر بە یەکێک لە ئالنگارییە هەرە مەترسیدارەکانی بەردەم ئاسایشی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی دادەنرێت. لەبەرئەوەی دیاردەی تیرۆر سیستەمی گشتی دەکاتە ئامانج ئەوا بەرەنگاربونەوەی، ڕێکاری نائاسایی و یاسای تایبەت و هاوکاری و هەماهەنگی هەمەلایەنەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پێویستە، لەم باسەدا و لە دو تەوەردا باس لە کاریگەری و پەیوەندییەکەی بە ئاسایشی نیشتیمانییەوە لە بارودۆخی هەڵاوێردراو دەکەین.

#### ٣.١. کاریگەرییەکانی تیرۆر لە سەر ئاسایشی نیشتیمانی

هێرشە تیرۆریستییەکان هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت. لە بەرامبەردا دەوڵەت سیاسەتی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر دەگرێتەبەر بە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی خۆی و هاووڵاتییانی. بەڵام پاراستنی هەردوکیان کارێکی ئاسان نییە و زۆرجار دەوڵەتەکان پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی لەسەر حیسابی ئاسایشی مرۆیی لە پێشینەی کارەکانیان دادەنێن. ئەمەش بوتە هۆی ئەوەی داکوکیکارانی ماف و ئازادییەکان ئەو پرسیارە بکەن کە چۆن دەوڵەتان دەتوانن هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە گشتییە باڵا و جیاجیاکان لە بەرەنگاربونەوەی تیرۆر و ماف و ئازادییەکان دەستەبەر بکەن؟

لێرەدا دەبێت ڕەچاوی ئەو بکرێت کاریگەری کردە تاوانییە تیرۆریستییەکان دۆخێکی نائاسایی دێننە کایەوە و ڕێکارە خۆپارێزییەکانی بەرەنگاربونەوەشیان لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی قوڵ بەجێدێلن، و لەتواناییاندایە بزاوتی کۆمەڵگە لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و زانستی و کۆمەڵایەتی دوچاری کێشە بکەن. لە هەمان کاتدا ئەگەر پێشگیری لە زێدەڕوییکردن لە سودوەرگرتن لە ڕێکارەکانی بەرەنگاربونەوەی کردەی تیرۆریستی نەکرێت لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا؛ ئەوا سنوری ماف و ئازادییە کەسییەکان پێشێل دەکرێت و زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت و دەرهاوێشتەی نەرێنیشی بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی دەبێت (Bruce, 2012: 28)

مەترسییەکانی تیرۆر بۆ سەر ژیانی تاک و سەقامگیری و سیستەمی گشتی کەشێکی پڕ ترس و تۆقاندنی دروست کردوە و لەوە دەرچوە کە وەکو تاوانێکی ئاسایی سەیر بکرێت. بەڵکو تاوانێکە تایبەتمەندی سیاسی، جڤاکی، دینی و ئابوری فراوانی هەیە و سروشتی نیشتیمانی و نێودەوڵەتیشی هەیە. (هادي و طه، ٢٠٢١: ٢) کەواتە لە هەردو دۆخدا تاوانی تیرۆر کاریگەری خراپی بەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیری و گەشەسەندن و ئارامی تاک و کۆمەڵگە دەبێت. بەڵام لە دیدگای ئێمەدا ئەوەی وایکردوە کە ئەم تاوانە کاریگەری نائاسایی هەبێت مەترسییە بەردەوام و چاوەڕواننەکراوەکەیەتی لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی.

مەترسییە کاتی و چاوڕواننەکراوەکانی تاوانی تیرۆر، وایکردوە وەکو هۆکار و بەدیهێنەری بارودۆخی هەڵاوێردراو سەیربکرێت و ڕێکارەکانی بەرەنگاربونەوەشی نائاسایی و هەڵاوێردە بن، هەروەکو ئەوەی کە لە فەرەنسا و لە ٢٠١٥/١١/٢٣ وەکو ڕێکارێکی خێرای بەرپەرچدانەوەی هێرشە تیرۆریستییەکانی پاریس بارۆدوخی هەڵاوێردە ڕاگەیەندرا. یاسادانەری هەرێمی کوردستانیش بە هەمان ئاراستە بیردەکاتەوە و لە سیاسەتی تاوانیدا وەکو دۆخێکی هەڵاوێردراو مامەڵەی لەگەڵ تاوانی تیرۆر کردوە، بە بیانوی ئەوەی کە تاوانی تیرۆر مەترسییەکانی بەردەوامن و تەنها بۆ جارێک ئەنجام نادرێن تاوەکو ڕێکارەکانی بەرەنگاربونەوەشی ئاسایی بن. بەڵکو تیرۆریست و گروپە تیرۆریستییەکان ماوە ماوە تاوان ئەنجامدەدەن، بۆیە دەبێت بە بەردەوام دەوڵەت لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانەکەی.

کەواتە سروشتی بارودۆخی هەڵاوێردراو کاتیە، و کارکردن بە یاسا هەڵاوێردە و ڕێکارە نائاساییەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەیان و بەرەنگاربونەوەی مەترسییەکانیشیان کاتین؛ لەسەر ئەو بنەمایە یاسادانەری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦ یاسای ژمارە ٣ی بە ناونیشانی یاسای بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان- عێراق، دەرکرد و باس لە کاتیبون و ماوەی بەرکاربونی یاساکە دەکات. (ماددەی ١٧ یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦)

یاسادانەر بە یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٠ کارکردنی بەو یاسایەی درێژکردەوە لە ٢٠١٠/٠٧/١٧ تاوەکو ٢٠١٢/٠٧/١٦. و هۆکاری دەرچونی ئەم یاسایە و درێژکردنەوەی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ی گەڕاندوتەوە بۆ بەردەوامی ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە تیرۆر لەسەر ژیانی هاووڵاتیانی هەرێم و ماڵ و سامانیان و سەقامگیری و ئاسایشی نیشتیمانی دروست کردوە. هەمان درێژکردنەوە و بە هەمان بیانو و هۆکار لە ماوەی دیاریکراودا بۆ دو ساڵی دیکە درێژکرایەوە بە یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٢. و جارێکیتر و بە یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٤ یاساکە درێژکرایەوە و بە هۆکاری ئەوەی کە مەترسییەکانی تیرۆر بەردەوامن و ئەم درێژکردنەویە هاوکات بو لەگەڵ فراوانبونی مەترسییەکانی تیرۆر و بەهێزبونی داعش و دەستگرتن بەسەر بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق؛ لە دەرەنجامدا و بۆ یەکەمجار تیرۆر دەوڵەتی ڕاگەیاند و جەنگی بەرەیی دەستپێکرد، کەواتە یاسادانەری هەرێمی کوردستان لەسەر حەق بو بۆ درێژکردنەوەی یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر. بۆ دواجار یاسادانەر بە یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٨، یاساکەی بەشێوەیەکی کراوە و بۆ ماوەیەکی نادیار درێژکردەوە بە هۆی بەردەوامی مەترسییەکانی تیرۆر.

لە دەرەنجامدا دەرکەوت کە مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆر لەگەڵ ئەوەی کە کاریگەریان لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیرییەکەی هەیە ئەوا کاریگەری لەسەر ڕەوتی یاسادانان و بەرەنگاربونەوەی یاساییانەی تاوانەکە و ئەو ڕێکارە کارگێڕی و خۆپارێزیانەش هەیە کە دەوڵەت بۆ بەرەنگاربونەوەی دەگرێتەبەر.

**٣.٢. پەیوەندی نێوان ئاسایشی نیشتیمانی و بەتاواندانانی خۆپارێزی (التجريم الوقائي)لە تاوانیی تیرۆریستی.**

پەرەسەندن و فراوانبونی کردە تیرۆریستیەکان لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردویەوە و بەتایبەتی دوای ڕوداوەکانی ١١ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠١. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خستە بەردەم دۆخێکی ناچاری و بەرپرسیارێتییەوە بۆ بەرەنگاربونەوەی تیرۆر و مەترسییەکانی. لەم سۆنگەیەوە بڕیاری ژمارە ١٣٧٣ی ساڵی ٢٠٠١ لەسەر بنەمای بەشی سێیەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتی لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە تاوانی تیرۆر بە مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی هەژمارکرا، و مافی بەرگریکردن لە خۆ دژ بە کردە تاوانییەکانی بەخشی بە وڵاتان. (ئاکرەیی، ٢٠٠٩: ١٧٨)

کردە تیرۆریستییەکان، وڵاتانی خستە بارودۆخێکی هەڵاوێردە و نائاسایی، هەریەکەیان لە لای خۆیەوە هەڵسا بە دەرکردنی یاسای بەرەنگاربونەوەی تیرۆر وەکو ڕێکارێکی بەتاواندانانی خۆپارێزی لە کردە تیرۆریستییەکان؛ لەو نمونە بەرچاوانەش

یاسای پاتریوتی ئەمەریکی کە ڕاستەوخۆ دوا بە دوای هێرشە تیرۆریستیەکەی ۲۰۰۱ دەرکرا. و تیایدا کۆمەڵێک ڕێکاری خۆپارێزی گرتەبەر و دەسەڵاتی نائاسایی و هەڵاوێردەی دا بە دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی وڵاتەکەی لە بواری ئاسایش و بەرەنگاربونەوەی تیرۆر. (ئاکرەیی، هەمان سەرچاوە: ۱۷۹) هەروەها عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە ئاستی بەتاوانداناني خۆپارێزی لە تاوانی تیرۆریستی هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر. (السبعاوي و حسن، ۲۰۲۱: ٤۷۳) چونکە چەندین ساڵە مەیدانی ململانێ و ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆرن.

مەترسیەکانی تیرۆر و دەرەنجامە تاوانییەکانی هەر لە چوارچێوەی کردە تیرۆریستییەکان نەوەستا، بەڵکو لەزۆر بواردا مەترسی خستە سەر ئاسایشی نیشتیمانی، ئەو مەترسیيانە بونە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت ڕێکاری خۆپارێزی بگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری تاوانەکانی پەیوەندیدار بە تیرۆر کە ئەوانیش مەترسییان کەمتر نییە بەسەر ئاسایشی نیشتیمانییەوە لەوانەش تاوانی پارەدارکردنی تیرۆر، ماددەی هۆشبەر و کیمیاییەکان، سپیکردنەوەی پارە و بازرگانیکردن بە چەک، هەمو ئەم تاوانانە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان بە تیرۆرەوە هەیە و پەیوەندی ڕاستەوخۆشیان بە تێکچونی ئاسایشی نیشتیمانییەوە هەیە. بۆیە هەوڵی خۆپارێزی یاسادانەر لە هەریەکە لەو بوارانە بەرچاوە بە دەرکردنی یاسای تایبەت و بەتاوانداناني کردە تاوانییەکان.

دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتیمانی لە چوارچێوەی پێویستی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا، بە ئامانجی جەختکردنەوە لەسەر پێویستی پاراستنی تاک و کۆمەڵگەکان بو؛ لە بەرامبەر ئەو جەختکردنەوە نەریتییەی کە ئاسایشی نیشتمانی بە چەمکی "بەرگری سەربازی لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و یەکیتی خاک" دەبەستێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێکارە خۆپارێزییەکانی دەوڵەت لە بەتاواندانانندا بۆ دەستەبەری ئاسایش، ئەو مشتومڕەی هێناوەتە کایەوە کە نابێت سیاسەتی بەتاوانانان لە گرنگی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کەم بکاتەوە، بەتایبەتی مافی قوربانیانی تیرۆر، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری سیاسەتی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر لە بارودۆخی هەڵاوێردراویان لەسەرە. (Paulsen and Scheinin, 2020: 98)

هەر لەم سۆنگەیەوە دەبینین کە ڕێکارە خۆپارێزییەکانی ئاسایشی نیشتیمانی پێویستی بە سەرچاوەی داهات و خەرجکردنی سامانێکی زۆرە بەتایبەتی لە بواری سەبازیدا، کە سالانە ئەم خەرجیانە لە هەڵکشانی بەردەوامدان کە لە ساڵی ۲۰۱٦دا نزیکبویەوە لە ۸ تریلیون دولاری ئەمەریکی. ئەگەر بێت و ئەم پارە زۆرە لە باشکردنی خزمەتگوزاری مرۆیی و باشکردنی باروگوزەرانی هاووڵاتیان خەرجکرابا ئەوا کاریگەری فراوانی دەبو لەسەر کەمکردنەوەی هەژاری و برسیتی لە ئاستی دونیادا و کاریگەریشی دەبو لەسەر کەمکردنەوەی هەڕەشە تاوانکارییەکان (جاسم، ۲۰۲۰: ۳۳۲) ئەمەش مانای وایە کە پەیوەندیی و کاریگەری دولایەنەیان بە سەر یەکترەوە هەیە.

گرنگی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی بۆ دەوڵەت لە هەڕەشەی تاوانی تیرۆر وایکردوە کە بیر لە بەتاوانداناني کۆمەڵێک کرداری نوێبکرێتەوە هەروەکو یاسادانەری هەرێمی کوردستان لە یاسای بەرەنگاربونەوەی تاوانی تیرۆر و تۆقاندن بە ژمارە ۳ لە ساڵی ۲۰۰٦دا هەندێک کردەی نوێی بە تاوانی تیرۆر هەژمارکردوە لەوانەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە تاوانی تیرۆرەوە نەبێت وەکو تاوانی دژ بە (ژینگە)، بەڵام لەبەرئەوەی پەیونددارن بە ئاسایشی نیشتیمانییەوە بە تاوانی تیرۆر دەقنوسی کردون. لێرەدا دەردەکەوێت کە یاسادانەری هەرێمی کوردستان لەم یاسایەدا لە ڕوی واتاییەوە ئاستی گرنگیدان بە ژینگە بەرزکردوەتەوە و لە هەمانکاتدا بازنەی بەتاوانداناني کرداری تاوانکاری دژ بە ژینگە فراوانکردوە، بەڵام لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە بە ژمارە (۸)ی ساڵی (۲۰۰۸) و لە ماددەکانی ٤۲ و ٤۳ دا سزای بۆ هەندێک کردار دیاریکردوە کە ناگاتە ئاستی ئەو سزایەی کە بۆ تاوانی تیرۆر دیاریکراوە، کەواتە یاسادانەر

دەبوایە جوری ئەو کردارانەی کە بە تاوانی دژ بە ئاسایشی ژینگە دادەنرێن و لە ئاستی تاوانی تیرۆر دێنە هەژمار دیاری بکات ئەوانیش دەکرا ئەو تاوانانە بن کە بە ئامانجی سیاسی و تێکدانی ئاسایشی خوراک و زیانگەیاندنی بە ئەنقەست بن بە تەندروستی گشتی.

### ٤. گەرەنتییەکانی هاوسەنگی نێوان پێداویستییەکانی ئاسایشی نیشتیمانی و ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان لە بارودۆخی هەڵاوێردەدا.

پاراستنی مرۆڤ و بەرگریکردن لە شکۆ و بەرژەوەندی و ماف و ئازادییەکانی چەقی گرنگیدانی دەوڵەتە، و بگرە فەلسەفە و بنەمای دامەزراندنیەتی. لە میانەی باسەکانی پێشوماندا دەرکەوت کە ئاسایش ناتوانێت هەمو شتێک بێت بۆ هەمو مرۆڤەکان؛ ئەگەر وا بوایە، ئەوا بێ مانا دەبو. دەبێت پێناسەی ئاسایشی نیشتیمانیی سنوردار بێت نەک تەنها بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە دەبێت چاوڕوانی چی لە حکومەت بکرێت، بەڵکو بە هەمان شێوە گرنگە بزانرێت کە نابێت چی بکات. ئەمە بە تایبەتی بەهۆی پێشکەوتنە بەردەوامەکانی کۆمەڵگە و فراوانبونی مەودای تاوان و هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی و پاراستنی ماف و ئازادییە کەسییەکان لە چوارچێوەی دەقی یاسا و لە ژێر ڕوشنایی پرەنسیپی ڕەوایەتی بەتاواندانان و سزادان.

بەڵام زۆرجار دەقی یاسا بە تەنیا بەس نییە بۆ گەرەنتی کردنی ماف و ئازادییەکان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکار لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا. بۆیە پاراستنی ماف و ئازادییەکان پێویستی بە ئامراز و مایتێکاری(تدخل) لایەنی دیکە دەبێت کە دەسەڵاتی چاودێری کردنیان بەسەر ڕەفتارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکاردا هەیە. لەم تەورەدا و لە سێ لقدا باس لە گەرەنتیە یاسایی، دادوەری و واقعییەکان دەکەین لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا.

#### ٤.١. گەرەنتی پەرلەمانی

پاڵنەری سەرەکی گرتنەبەری ڕێکاری نائاسایی لە بارودۆخی هەڵاوێردەدا ئامانج لێی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسییە، دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو ڕێکارانەی کە دەوڵەت لە هەردو ئاستی خوپارێزی یان بەرگری و بەرەنگاربونەودا سودیان لێوردەگرێت؛ سیاسین. لەبەرئەوەی زۆربەی کات مەترسی و هەڕەشەکان کە بارودۆخی هەڵاوێردە دروستی دەکەن یان بە هۆی گۆرانکاری سیاسییەوەن یانیش ئامانجیان هێنانەکایەی گۆڕانکاری سیاسییە. هەر بۆیەشە دەکرێت بگوترێت کە یەکێک لە باشترین لایەنەکانی چاودێری، کە ئاگادارە بە بارودۆخی سیاسی و کارگێڕی وڵات پەرلەمانە بەو مانایەی کە هەم نوێنەری گەلە و هەم بەشداری کارای پارتە سیاسیەکانی تێدا بەرچاو دەکەوێت. (عبدالقادر، هەمان سەرچاوە:٨٤)

ڕۆڵی چاودێریکاری پەرلەمان بۆ بارودۆخی هەڵاوێردە لە دو قۆناغدا دەبێت یەکەمیان لە ڕاگەیاندنی بارودۆخەکەیە کە لە زۆربەی دەستورە سەردەمییەکاندا مافی ڕاگەیاندنی یاخود ڕەزامەندی دان لەسەر ڕاگەیاندنی ئەو بارودۆخانە دراوە بە پەرلەمان. هەروەکو لە ماددەی ١٥٤ی دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤ و هەموارکراو لە ساڵی ٢٠١٩دا مەرجی بۆ سەرۆک داناوە کە لە ماوەی ٧ ڕۆژدا ڕاگەیاندنەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات بۆ دەنگدان لەسەری و هەمان شت لە دەستوری عێراق و لە خاڵەکانی (آ و ب)ی بڕگەی ٩ی ماددەی ٦١ی دەستوری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا هاتوە.

لە قۆناغی دوەمدا ئەو ڕۆڵە لە چاودێری بریتییە لە پەسەندکردنی ئەو ڕێکارانە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە گیراونەتەبەر. هەروەکو دەستوری میسری لە ماددەی ١٥٦ دا سەرۆک کۆماری ناچار کردوە ڕێکارە لەبەرگیراوەکان پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات بۆ پەسەندکردنی و ئەگەر هاتو ئەنجومەنەکە پەسەندی نەکرد ئەوا هێزی

یاساییبونی لەدەست دەدات. و سەبارەت بە عێراق ئەوا لە خاڵی (د)ی برگەی ٩ ماددەی ٦١ی دەستوردا هاتوە کە "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ڕێکارەکانی لەبەرگیراو و دەرەنجامەکانیان پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکات، کە لە کاتی جەنگ و بارودۆخی هەڵاوێردراو گیراونەتەبەر، لە ماوەی پانزدە ڕۆژدا لە ڕێکەوتی بە کوتا هاتنی". بەڵام ئەو دەقە دەستورییەش ناتوانێت گەرەنتی پاراستنی ماف و ئازادییەکان بکات لە بەر ئەوەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ناچارنەکراوە ڕێکارەکان لە ماوەی بارودۆخی هەڵاوێردراودا پێشکەش بە پەرلەمان بکات. (حاتم و عبدالشهيد، ٢٠٠٨: ١٨٤) پرسیارەکە لێرەدایە ئەوەیە کە ئایا پێشکەشکردنی جۆری ڕێکارەکان و درەنجامەکانیان لە لایەن سەرۆک کۆمار یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ئەنجومەنی نوێنەران، تەنها بۆ ئاگاداربون یاخود پەسەندکردنە یانیش بە مەبەستی چاودێری کردنیشە؟ ئایا دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەنجومەنی نوێنەرانە دەتوانێت ڕێکارەکان ڕەتبکاتەوە؟ ئەگەر مافێک دەستدرێژی کرابێتە سەر و زیانی بەرکەوتبێت دەتوانێت بگەڕێنێتەوە یاخود داوای قەرەبوی بکاتەوە؟ ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی هەبێت ئەوا دەسەڵاتی چاودێری کردنەکە ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەوەی ڕەچاوەکرێت لە دەقە دەستورییانەدا هیچ ئاماژەیەک بەو دەسەڵاتە نەکراوە، بۆیە لە دیدی ئێمەدا ئەم ڕێکارە تەنها ڕواڵەتییە و ناکرێت وەکو ڕێکار و گەرەنتییەک لێی بروانرێت. لە بەر ئەوەی دەسەڵاتی یاسادانان ناتوانێت ماف و ئازادییە پێشێلکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنێتەوە، لەو بارەدا و بۆ ئەم کارە دەبێت بە تەواوی پشت بە گەرەنتیە دادوەرییەکان ببەسترێت کە لە تەوەری داهاتودا باسی دەکەین.

**گەرەنتییە دادوەرییەکان.**

بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی عێراق دەسەڵاتی چاودێریکردنی پەرلەمان بۆ کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کاتی باردودۆخی هەڵاوێردراودا تارادەیەکی بەرچاو سنوردارکراوە، بۆیە ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە دوای دەستەوەستانی دەسەڵاتی یاسادانان لە بەرانبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن دێت بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکان؛ و هەندێکجاریش بۆ وەستاندنی لادانی خۆدی ئەو دەسەڵاتەیە، لە دەرکردنی یاسایەکی پێچەوانەی دەستور کە ماف و ئازادییەکان پێشێل دەکات کە ئەمە لە تایبەتمەندی دادگەی دەستوری یاخود فیدراڵییە.

بە شێوەیەکی گشتی گەرەنتی دادوەری بریتییە لە چاودێریکردن بەسەر ڕەوایەتی ڕێکارە تاوانییە لەبەرگیراوەکان. (نصرالدين، ٢٠٠٦: ١٩٣) لەم ڕویەوە دادگەی کارگێری بە پشت بەستن و دەستگرتن بە پرەنسیپی ڕەوایەتی ڕێکارە یاساییە پەیرەوکراوەکان، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکان. ئەمەش لە ڕێگەی بەدیهێنانی هاوسەنگی نێوان هەرچی پێویستی دەوڵەتە لە سەقامگیری و ئاسایشی نیشتیمانی و بنەمای ڕەوایەتی یاسا، بۆ سنوردانان لەبەردەم ستەمکاری دەسەڵات و دەستەی بەرزەفتی کارگێری لە پیشێلکردنی بێ بنەما و ناپێویستی بەرژەوەندییەکان. (غافل و مهدي، ٢٠٢٣: ١٠) هەر بۆیەشە هەندیک کەس ڕایان وایە ڕۆڵی دادگەی کارگێری وەکو دەسەڵاتی چاودێر، گرنگ و یەکلاکەرەویە لە پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا. (الخطيب، ٢٠١١: ٢١٩)

دەستەکانی بەرزەفتی کارگێری بۆ پاراستنی سیستەمی گشتی لە باردودۆخی هەڵاوێردەدا دەسەڵاتی نائاسایی فراوانیان هەیە، کە ملکەچی پرەنسیپی ڕەوایی نابن وەک لە دۆخی ئاساییدا هەیە. لەبەرئەوە دەبێت دادگەی کارگێری لەو جۆرە بارودۆخە نائاساییانەدا چاودێری بڕیارەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی بکات لە ڕێگەی ڕوانین لەو تانە و داوایانەی کە دەخرێنە بەردەمی لەلایەن کەسانی زیانمەند، و ئەگەر تێبینیکرد کە بڕیارەکان سنورەکانی شیاوی و هاوسەنگی نێوان ڕێکارە لەبەرگیراوەکان و ماف و ئازادییەکانی پێشیلکردوە ئەوا دادگە بۆی هەیە ئەو بڕیارانە هەڵوشێنێتەوە و قەرەبوی زیانمەند بکاتەوە. (حسين، ٢٠٢٤: ٤٤ و ٥٠) و (الهاشمي، ٢٠١١: ٢٩٩)

لە عێراق بەگوێرەی یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت ژمارە ٧١ی ساڵی ٢٠١٧، دادگاکانی دادوەرێتی کارگێڕیی تایبەتمەند کردوە بە سەیرکردنی دروستی ئەو فەرمان و بڕیارە کارگێڕییە تاکەکەسی و ڕێکخەرییەکان کە لەلایەن فەرمانگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت دەردەچن، بۆی هەیە بڕیار بدات بە ڕەت کردنەوەی تانە یان هەموارکردنی فەرمان یاخود بڕیارە تانە لێدراوەکە...هتد، لە هەمان کاتدا دادگای باڵای کارگێڕیشی داناوە بۆ پێداچونەوەی حوکم و بڕیارەکانی دادگەی کارگێڕی ماددەی ٧ بڕگەی ٨ خاڵی (آ، ب)ی یاسای ژمارە ٧١ی ساڵی ٢٠١٧).

بەڵام سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، بەگوێرەی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ و لە ماددەی ١٦دا ڕەفتارە سەروەرییەکانی سەرۆکی هەرێم کە لە ماددەی ١٠ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بە ژمارە ١ لە ساڵی ٢٠٠٥ بەدەر کردوە لە هەر چاودێرییەکی دادگەی کارگێڕیی، ئەمەش ناکوکە لەگەڵ ئەحکامی ماددەی ١٠٠ی دەستور کە دەڵێت نابێت هیچ بڕیارێکی کارگێڕی پارێزراو بکرێت لە تانەلێدان، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دادگەی باڵای فیدراڵی لە نوێترین بڕیاریدا بە ژمارە (١٥٢/اتحادية/٢٠٢٤) کە لە ڕێکەوتی ٢٢/١٠/٢٠٢٤ دەرچوە، لە خاڵی دوەمی بڕیارەکەدا، ماددەی ١٦ی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان بە نادەستوری ناساند و هەڵیوەشاندەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، لە یاسای سەلامەتی نیشتیمانی ژمارە ٤ بۆ ساڵی ١٩٦٥، کە تایبەتە بە سەرەدەریکردن لەگەڵ بارودۆخی هەڵاوێردراو و مەترسییەکانی، و بە تایبەتی لە ماددەی ٤ دا کۆمەڵێک دەسەڵاتی فراوان دراون بە سەرۆک وەزیران. دیارە نەبونی دەسەڵاتێکی دادوەری چاودێر بەسەر بڕیارەکانی سەرۆک وەزیراندا لە بەرژەوەندی نیشتیمانی و گەرەنتی ماف و ئازادییەکان نییە، و لە دەرەنجامدا ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسی.

سەرەڕای ئەوەی کە لە ماددەی ٩ی هەمان یاسادا باس لە دامەزراندنی "دادگەی ئاسایشی دەوڵەت" کراوە کە تایبەتمەندە بە سەیرکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو تاوانانەی کە لە لایەن سەرۆک وەزیران دەسەپێندرێن. هەروەها لە بڕگەی ٢ی هەمان ماددەدا دەسەڵاتی دادگەییکردن لەسەر تاوانەکانی دژ بە ئاسایشی نیشتیمانی دەرەکی و ناوخۆیی نیشتیمانی لە بارودۆخی هەڵاوێردەدا دراوە بەم دادگەیە، و دادگە بۆی هەیە هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی هەمو ئەحکام و ڕێکارەکان کە دادگە سزاییەکان جێبەجێیان دەکەن لەسەر بنەمای یاسای ڕێکارەکانی دادگەییکردنی سزایی عێراقی.

ئەحکام و بڕیارەکانی دادگەی ئاسایشی دەوڵەت بەگوێرەی بڕگەی ٢ی ماددەی ١٠ی یاسای سەلامەتی نیشتیمانی؛ ملکەچن بۆ لێوردبونەوە و پەسەندکردن و ڕەتکردنەوە لە لایەن دادگەی پێداچونەوەی ئاسایشی دەوڵەت، لەسەر بنەمای هەمو ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای ڕێکارەکانی دادگەییکردنی سزایی؛ بە دادگەی پێداچونەوە دراون. ئەمەش تا ڕادەیەکی باش گەرەنتییە بۆ چاودێری دادوەری لەسەر ئەو بڕیار و ڕێکارانەی کە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کاتی بارودۆخی هەڵاوێردەدا دەردەچن، بەڵام ئەوەی جێی هەڵوستەیە لە ماددەی ١٣ی هەمان یاسادا هاتوە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت تایبەتمەندی دادگەی ئاسایشی دەوڵەت کۆرت بکاتەوە بۆ هەندێک تاوان کە لە ماددەی ٩ دا هاتون، دەقی ئەم ماددەیە بەتەواوەتی کارایی ماددەی ٩ و دەسەڵاتەکانی ناهێڵێت.

سەرەڕای هەبونی ئەم ڕێکخستنە یاساییە و پێکهێنانی دادگەی ناوبراو، بەڵام بەگوێرەی بەدواداچونمان هیچ بڕیار و ئەحکامێکی ئەم دادگەیەمان دەستنەکەوت کە تیایدا ئاراستەکەی بخەینەرو، بە بڕوای ئێمە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە لە ئەنجامی باڵا دەستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە عێراق بەسەر دادگەکانەوە هەبوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەو بڕیار و ڕێکارە نائاساییانەی کە بارۆدوخە هەڵاوێردەکان دەگیرێنەبەر و پەیوستن بە گرتن و ڕاگرتن و سزادان و کۆت و بەندکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە لایەن دەستورەوە گەرەنتی کراون، بەدەرنین لە چاودێری

دادگەی کارگێڕیی. (سرور، ٢٠٠٦: ٥٧٠) بەو پێودانگەی کە دەکەونە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکەی. و دادگە لەبار خۆیەوە چاودێری ڕادەی ڕەوایەتی ئەو بڕیارانە دەکات بە لێکوڵینەوە لە مەرجەکانی دروستیان لە ڕوی (تایبەتمەندی، ئامانج، هۆکار، شوێن و شێوە). لە هەردو وڵاتی فەرەنسا و میسر، دادگەی کارگێڕی تایبەتمەندە بە هەڵسەنگاندنی بڕیار و ئەحکامەکانی دەسەڵاتی هەڵاوێردە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی هەڵاوێردە شیاوی فراوانی پێدەدرێت. لەو نمونانەش دادگەی باڵای کارگێڕی میسری لە بڕیاریدا بە ژمارە ٨٣٠ لە ساڵی ١٩٧٩ بڕیاری سەرۆکی کۆماری هەڵوەشانەوە و بە نەبو هەژماریکرد. و لە بڕیارێکی هاوشێوەدا ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی هەمان ئاراستەی وەرگرتوە و لە حوکمێکیدا بڕیاری بەرێوەبەری ئاسایشی بە گومانی ناياساييبونی بە نەبو هەژمارکردوە بە هۆی نەبونی تایبەتمەندی، کە تیایدا بڕیاریدابو بە گرتن و کوت کردنی ئازادی هەندێک کەس. (بڕوانە دەق بڕیارەکە و المزوري، هەمان سەرچاوە: ١٩٣)

لە لایەکی دیکەوە و لە چوارچێوەی دەسەڵاتییاندا هەردو دادگەکە چاودێری لەسەر مەرجی "ئامانج و هۆکاری "دەرکردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکەن. سەبارەت بە ئامانجی بڕیارەکە دادگە لە مەبەستی دەسەڵاتی هەڵاوێردە و هاوئاهەنگ بونیان لەگەڵ ئامانجە ڕاستەقینەکان و پەیوستبونیان بە یاسا دەکوڵێتەوە، و ئەگەر بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان لە پیناو ئامانجێکی دیکە بو جگە لە پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی، ئەوا دادگە بڕیاردەدات بە هەڵوشاندنەوەی بە هۆی نەبونی مەرجی ڕەوایەتی، و سەبارەت بە مەرجی هۆکاری دەرکردنی بڕیار ئەوا هەردو دادگەی وڵاتانی ناوبراو جەخت لەسەر چاودێری لەسەر مەرجەکە دەکەنەوە. (شنطاوي، ٢٠٠٣: ١٠٧)

لە چوارچێوەی دەسەڵاتی چاودێرییەکەیدا دادگەی کارگێڕی میسری، لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ بڕیارە کارگێڕییەکان کار لەسەر هۆکارەکانی دەرچونی دەکات بە تایبەتی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە ماف و ئازادی تاکەکانەوە هەیە، و لە بڕیاری دادگەی کارگێڕی بە ژمارە ١٠٢٦ی ساڵی ١٩٥٦ دا هاتوە "بۆ ئەوەی مەترسی کەسەکە ببێتە بیانو تاوەکو ڕێکاری یاسایی لە دژی بگیرێتەبەر و ئازادییەکەی لێ زەوت بکات، دەبێت کردارەکەی مەترسی بۆ سەر ئاسایش و سیستەمی گشتی دروست بکات و مەرجە ئەو مەترسییەش هەڵقوڵاوی کرداری ڕاستەقینەی کەسەکە بێت، دیارە کە ئەو ڕێکارانەی کە یاسا بۆ دەستگیرکردن دیاریکردوە لە لایەن دەسەڵاتی هەڵاوێردەوە، دەسەڵات ناداتە حاکمی سەربازی بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێکارانە، و ئەو هۆکارەی کە بڕیارە تانە لێدراوەکە پشتی پێبەستوە پێچەوانەی یاسایە بویە بڕیارەکە پێویستە هەڵبوشێندرێتەوە. (المزوري، هەمان سەرچاوە: ١٩٥)

لە بەر ئەوەی دادگەی کارگێڕی عێراقی لە چاو وڵاتانی دیکە هەم تەمەنی کورتە و هەم ناکارایە؛ بەهۆی سیستەمی سیاسی عێراق لە سەردەمی ڕژێمی پێشوکە سەرۆک کۆمار بەگوێرەی ماددەی ٧ لە یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت هەموارکراو بە ژمارە ١٠٦ لە ساڵی ١٩٨٩ هەمو بڕیارەکانی هێزی یاسایان هەبو شایانی تانە لێدان نەبون (غافل و مهدي، هەمان سەرچاوە :٢٣) وایکردوە کە هەگبەی دەسەڵاتی چاودێری دادوەری و دادگەی کارگێڕی تا ئاستی نەبون لاواز بێت. سەرەڕای ئەوەی یاسای سەلامەتی نیشتیمانی ژمارە ٤ بۆ ساڵی ١٩٦٥ ئاماژە بە پێکهێنانی دادگەی ئاسایشی دەوڵەت دەدات و بڕیار و ئەحکامەکانی ئەو دادگەیەش شیاوی پێداچونەوە دەبن لە بەردەم دادگەی پێداچونەوەی ئاسایشی دەوڵەت، و لە بڕگەی دوەم لە ماددەی ٩ لە فەرمانی بەرگری لە سەلامەتی نیشتیمانی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٤ یشدا ئاماژە بە ملکەچبونی ڕێکار و بڕیارەکانی سەرۆک وەزیران لە بارودۆخی هەڵاوێردراوودا دراوە بۆ چاودێری دادگەی پێداچونەوە (محكمة التميز) و دادگەی پێداچونەوە لە هەرێمی کوردستان لەو ڕێکارە هەڵاوێردراوانەی کە لە هەرێم دەگیرێنەبەر وئاماژە بەوەش دەکات کە ڕێکارەکانی چاودێریکردن بە ڕێگەی دادگەی باڵای فیدراڵی کوتاییيان پێدەهێندرێت، بەڵام لەسەر ئاستی دادگای

کارگێڕیی هیچ جێبەجێکارییەکی دادوەریمان بۆ گەرەنتی ماف و ئازادییەکان لە بارۆدوخی هەڵاوێردەدا بەرچاوناکەوێت. (خلیل، ٢٠٢٤: ٥٣) بەڵام دادگای پێداچونەوەی فیدراڵی لە بڕیارێکیدا بۆچونی خۆی لەسەر بارۆدوخێکی هەڵاوێردە دەڵێت "خوپێشاندان و مانگرتنەکان کە لە سەرەتای مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٩ لەو پارێزگای واست و گشت عێراق ڕویاندا ڕوداوی هەڵاوێردە و گشتین و پێشبینی ناکرێن و بە ڕێکاری ئاسایی ناتوانرێت بەرەنگارییان ببێنەوە، هەروەها لە هەمان بڕیاردا هاتوە کە "بڵاوبونەوەی پەتای کرۆنا لە پارێزگای واست و تەواوی عێراق لە مانگی ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ و تا کاتی ئەنجامدانی داواکە بارودۆخی هەڵاوێردەی گشتی و چاوەڕواننەکراو بو. (بڕیاری دادگای تەمیزی فیدراڵی بە ژمارە ٢٠٢١/٣٤١٠ لە ٢٠٢١/٠٨/١١)

سەرەڕای کەمی بڕیار و ئەحکامە دادوەرییەکان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکەمان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتە یاساییەی کە دراوە بە دادگەکان بە تایبەتی دادگەی باڵای فیدراڵی و دادگەی پێداچونەوەی فیدراڵی، دەکرێت ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە پارێزگاریکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان هەبێت لە بارۆدوخە هەڵاوێردراوەکاندا، ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیار و ڕێکارە نایاساییەکان و گەرەنتیکردنی دادگەییکردنی دادپەروەرانە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تایبەتکاریی تێڕوانینی بڕیار و ڕێکارەکانی بارودۆخە هەڵاوێردراوەکان بە دادگەی جیاواز دراوە، وەك چۆن هەریەکە لە یاسای ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراق و ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ئەم تایبەتکارییەیان بە دادگە کارگێڕییەکان داوە، بەڵام یاسای سەلامەتی نیشتیمانی ژمارە ٤ لە ساڵی ١٩٦٥ ئەم تایبەکارییەی بە دادگای ئاسایشی دەوڵەت بەخشیوە، لە کاتێکدا فەرمانی بەرگریکردن لە سەلامەتی نیشتیمانی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٤ بڕیار و ڕێکارەکان ملکەچدەکات بۆ دادگای پێداچونەوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەمەش وایکردوە کە بە ڕونی هەست بە نەبونی سەقامگیری و ئاسایشی یاسایی بکرێت لە عێراق و هەرێم بە هۆی زۆری و هەڵاوسانی یاسایی، هاوکات دەبێتە هۆی فراوانی شروڤە و ڕاجیایی و نەمانی باوەری تاک بە ڕەوایەتی یاسایی و لە دەرەنجامدا هەست بە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکان دەکات بە هۆی فرە سەرچاوەی یاسا و دەق بەتاواندانان و سزادان.

بۆیە پێشنیار دەکەین لەبەرئەوەی کە بڕیارەکانی دەسەڵاتی هەڵاوێردە لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستەکانی بەرزەفتی کارگێڕی دەردەچن ئەوا چاودێری کردن و تانە لێدانیان لەبەردەم دادگەی کارگێڕی عێراقی بێت باشترە.

### ٤.٢. گەرەنتیە واقعییەکان

گەرەنتی پەرلەمانی و دادوەریی، بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان لە لایەن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە ڕێکدەخرێن، بەڵام گرفتە ڕاستەقینەکە کاتێک سەرهەڵدەدات کە خۆدی ئەو دەسەڵاتانە سنورە دەستورییەکانی ماف و ئازادییەکان بەهەند وەرناگرێت. لەو کاتەدا ڕای گشتی کۆمەڵگە کە بنەمای دامەزراندنی هەر دەسەڵات و دەوڵەتێکە بە بنەڕەتیترین و کاریگەرترین گەرەنتی لە بەرانبەر ستەمکاری و پێشیلکردنی ئازادییەکان و دەرچون لە ئەحکامی دەستور دادەنرێت لە هەردو بارودۆخی ئاسایی و هەڵاوێردەدا. (العگیلي و الظاهري، ٢٠١٨: ٧٧)

لەو دەمەدا گەرەنتیە واقیعییەکان و بەرەنگاربونەوەی ستەمی دەسەڵات کوتا دەرفەتی گەل و کۆمەڵگەیە بۆ پاراستنی مافەکانی. هەرکاتێک ڕای گشتی لە وڵاتدا توانی دەوڵەت ناچار بکات ملکەچی بنەما دەستوری و یاساییەکان ببێت، ئەوا گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکان مسوگەرتر دەبێت. ڕاستە تاوەکو ئێستا گەرەنتیە واقعییەکانی ماف و ئازادییەکان لە

چوارچێوەی بیرو هزرە فەلسەفییەکان و فیقهدا قەتیس ماوەتەوە و بەگوێرەی پێویست نەبوەتە بنەمایەکی یاسایی جگە لەوەی کە گشت دەستورەکانی ئەم سەردەمە لە دو توێیاندا گەرەنتی مافەکانی گەل و ڕای گشتی دەکەن.
لەگەڵ ئەوەشدا ماف و ئازادییە گەرەنتیکراوەکان بە دەستور، هەندێکجار لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پێوانەیی یاسادانەر و بە هۆی ئەو یاسایانەی کە بۆ ڕێکخستنیان دەردەکات کۆت و بەندییان دەخرێتە سەر یانێش سنوردار دەکرێن. سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە و کەم بەها کردنی دەقە دەستورییەکان لە سیستەمە نادیموکراتەکاندا زیاتر ڕەچاودەکەوێت بە هۆی بێباکی دەسەڵات و بایەخ دانەنان بۆ دەقە دەستورییەکان و ڕای گشتی. (غیربال و ثابت، ١٩٨٩: ٢٣١)
جێی سەرنجە ئەم هزرە فەلسەفی یاخود فیقهییە، لە هەندێک وڵاتی دیموکراتدا بۆ پێشگیری لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە کێشانە لە دەستوردا ڕەنگی داوتەوە و هەندێک مەرج بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن دانراون. بۆ نمونە یاسادانەری فەرەنسا لە ماددەی ١٦ی دەستوری ساڵی ١٩٥٨ دا سەرۆکی وڵات ناچاردەکات کە گەل ئاگادار بکاتەوە لە بڕیاری گرتنەبەری ڕێکاری هەڵاوێردە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری ڕای گشتی لە بارودۆخی هەڵاوێردراودا، چونکە گەل هەمیشە پەرچەکرداری لە بەرانبەر سیستەم و دۆخی نائاسایی هەیە، بە تایبەتی کە ماف و ئازادییە گشتییەکان سنوردارتر بکات. (الموسوي، هەمان سەرچاوە: ١١٥)
سەختە دەستور و یاساکانی وڵاتان دان بە مافی گەلەکانیان دابنێن بۆ بەرەنگاربونەوەی ستەمکاری خودی دەوڵەت، بەڵکو زۆرجار شۆڕش و بەرەنگاربونەوەی ئەو ستەمە؛ بەتاواندانراوە لە یاسا سزاییەکانیاندا. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بیرۆکەیە لە پەیماننامەی گەورەی ئینگلتەرا لە ساڵی ١٢١٥، و گەڵالەنامەی مافی مروڤی ئەمریکی ساڵی ١٧٨٩، و ڕاگەیەندراوەکانی فەرەنسی بۆ ساڵی ١٧٨٩ ماددەی ٢ و ١٧٩٣ ماددەکانی ٣٣ و ٣٤ ئاماژەی بۆ کراوە (مازن، ٢٠٠٧: ١٢) بەلام لە بلوکی دەستوری فەرەنسیدا و لە پاشکوی دەستوری سالی ١٩٥٨ی هەمواری ٢٠٠٨ی ئەو وڵاتەدا و لە ڕاگەیەندراوی مافی مروڤ و هاونیشتیمانی سالی ١٧٨٩ ماددەی ٢ دا هاتوە " ئامانج لە هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسی بریتییە لە پاراستنی مافی سروشتی مروڤ و ئەو مافانەی بەتێپەربونی کات نافەوتێن. ئەو مافانەش ئازادی و خاوەندارێتی و ئاسایش و بەرەنگاربونەوەی ستەمن. کەواتە ئاسایشی تاک ئەو مافەیە کە ناکریت بە هیچ شێوە و بارۆدوخێک پیشیل بکرێت، واتەکۆمەڵگە و ڕای گشتی مافی بەرگریلێکردنیان هەیە.
لە نوێترین پێشیلکارییەکانی دەسەڵات و بازدان بەسەر یاسا و دەستوردا، لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٢٤/١٢/٠٣ سەرۆکی کوریای باشور ئەحکامی عورفی لە وڵاتەکەیدا ڕاگەیاند، بە بێ ئەوەی وڵاتەکە دوچاری بارودوخێکی نائاسایی بوبێتەوە. ئەمەش کاردانەوەی گشتی لەسەر ئاستی جەماوەر دروستکرد و بە خوپێشاندانی جەماوەری داوای پاشگەزبونەوەی سەرۆکیان کرد لە ڕاگەیاندنی ئەحکامی عورفی، چونکە هۆکاری ڕاگەیاندنەکە کە کێبرکێی سیاسیە لە نێوان حکومەت و ئوپوزسیون، هیچ پێویستیەک نییە بۆ ئەوەی وڵات بخرێتە ناو دۆخێکی هەڵاوێردە، لە ئەنجامدا سەرۆکی وڵاتەکە لە ڕۆژی شەممە ٢٠٢٤/١٢/٠٤ بڕیارەکەی خوی کشاندەوە و داوای لێبوردنی لە گەلەکەی کرد.(Ker-Lindsay: 2024)

**ئەنجام:**

١- دەوڵەت، ناتوانێت ئاسایشی نیشتیمانی خۆی لە هەردو دۆخی ئاسایی و هەڵاوێردەدا دابینبکات مەگەر بە سیاسەتێکی تاوانی ڕون و ئاشکراو و کارا نەبێت، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا گەییشتینە ئەو دەرەنجامەی کە لە عێراقدا سیاسەتێکی تاوانی کارا نییە بۆ بەرەنگاربونەوەی بارودۆخی هەڵاوێردراوی بەدیهاتو، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی دروست دەکات.

٢- تاک و کۆمەڵگە مافی بەرەنگاربونەوەی ستەم و زورداری دەوڵەتی هەیە لە بەرگریکردن لە ئازادی و ئاسایشی خۆی وەکو مافێکی سروشتی.

٣- لە عێراقدا کەڵەکەبونی یاسایی هەیە بۆ ڕاگەیاندنی بارودۆخی هەڵاوێردە و بەرەنگاربونەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بارۆدوخەکە و مەترسییە تاوانییەکانی، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندکاری دەسەڵاتە دادوەرییە ڕاسپێردراوەکان بۆ چاودێری ڕەفتارەکانی دەسەڵات و گەرەنتی کردنی ماف و ئازادییەکان ڕون نییە. پێویستە ئەو کەلەکەبونە چارەسەر بکرێت بە یەکخستن و دەرکردنی یاسای نوێ.

٤- وڵاتانی سەر بە خانەوادەی یاسایی ئەنگلوسەکسونی کار بە یاسای پێشوەختەی تایبەت بە بارودۆخی هەڵاوێردە ناکەن بەڵکو بەگوێرەی پێویست یاسای نوێ دەردەکەن.

٥- یاسادانەری دەستوری عێراقی و وڵاتان کارکردنیان بە ئەحکامی عورفی لە دەستورەکانیاندا نەهێشتوە وکار بە باری فریاگوزاری دەکەن کە ئەمەش حاڵەتێکی باشترە و گەرەنتی زیاتری ماف و ئازادییەکانی تیدایە.

٧- گەرەنتی واقیعی، کە گەل سەرچاوەی هێزە و دەسەڵاتی چاودێرە بەسەر هەبون یاخود نەبونی مەرجی پێویست بۆ ڕاگەیاندنی بارۆدوخی هەڵاوێردە . هەروەها چاودێری ڕێکارە پەیڕەوکراوەکانی دەسەڵات و ڕادەی گونجاوییان لەگەڵ مەترسی و هەرەشەکان دەکات لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیری وڵات. باشترین ئامرازە بۆ ڕێگریکردن لە زێدەڕویی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دۆخی هەڵاوێردەدا.

**پێشنیار:**

١-پێشینار دەکەین کە یاسادانەری عێراقی کار بۆ نەهێشتنی کەڵەکەبونی یاسایی؛ یاساکانی باری فریاگوزاری بکات تاوەکو هەم دەسەڵاتی دادوەری لە جێبەجێکردنی یاسادا نەکەویتە تەنگەژەوە هەم هاووڵاتیانیش زانیارییان لەبارەی یاسای بەرکار لەسەر کردە نایاساییەکانیان هەبێت.

٢- بە مەبەستی کۆکبونی هەریەکە لە یاساکانی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ١ی ساڵی ٢٠٠٥ لە کەل دەقەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ و ئاراستەی دادگەی باڵای فێدرالی عێراق پێشنیار دەکەین کە یاسادانەری هەرێمی کوردستان ئەو دو یاسایە هەموار بکاتەوە.


لیستی سەرچاوەکان:

امين، نوزاد (٢٠١٥)حماية الامن القومى للدولة في ظل القواعد الدولية لحقوق الانسان، دار دجلة، عمان.

أديب، د. حارث(٢٠٠٧) الظروف الإستثنائية واثرها في الحريات الشخصية، مجلة الرافدين للحقوق، مجلد ٩، عدد ٣١. https://search.mandumah.com/Record/82989

العيساوى، طه محمود(٢٠٢١) أثر الظروف الاستثنائية في قانون العقوبات، ط١، مكتبة القانون المقارن- بغداد.

سليمان، د. سمير داود و العگيلي، د. علي مجيد( ٢٠١٥) مدى تأثير الظروف الاستثنائية على الشرعية الدستورية (دراسة مقارنة)، ط١، المركز القومي للإصدارات القانونية، القاهرة.

بركاكيل، د. راضية(٢٠٢٠) مبدأ المشروعية في ظل الظروف الإستثنائية للدولة، اطروحة الدكتوراه، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة مولود معمري.

الموسوي، محمد عبدالحسين (٢٠١٨) الضوابط الدستورية لسياسة التجريم (دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير.

عبدالقادر، د. مهند ضياء(٢٠١١) فكرة الظروف الاستثنائية وتطبيقاتها في الدساتير العراقية، مجلة المنصور، العدد ١٦.

الجنابي، د. سعدون عنتر(١٩٨١) أحكام الظروف الإستثنائية في التشريع العراقي، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، بغداد.

خضير، مصطفى كريم(٢٠٢٣) نظرية الظروف الاستثنائية وتأثيرها على الأركان الخارجية للقرار الإداري، دراسة مقارنة في القانون الإداري الفرنسي والمصري والعراقي، مجلة الشرائع للدراسات القانونية، المجلد ٣، العدد ١.

بحر، د. أسامة محمد(٢٠١٧) حدود سلطات الضبط الإداري في حالات الطوارئ والحرب "سلطات غير اعتيادية لمواجهة ظروف استثنائية"، ط١، منشورات زين الحقوقية، بيروت.

اللبيدى، د. ابراهيم محمود(٢٠٠٨) الحماية الجنائية لأمن الدولة، دار الكتب القانونية، مصر.

الشكراوى، د. علي هادي و البديري، د. اسماعيل صعصاع (٢٠١٤) التنظيم القانوني لأنظمة الإستثناء (دراسة مقارنة)، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد ٣.

القائفي، جميل عبدالله(٢٠٠٦) سلطات رئيس الجمهورية في الظروف الاستثنائية وفقا لأحكام الدستور اليمني والرقابة القضائى عليها (دراسة مقارنة)، دار الجامعة الجديدة للنشر، القاهرة.

دخيل، محمد حسن(٢٠٠٩) الحريات العامة في ظل الظروف الإستثنائية، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت.

European Convention on Human Rights in 1950. https://70.coe.int.

European Convention on Human Rights in 22 November 1969. https://www.cidh.oas.org.

ڕێککەوتننامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٦٩(American Convention, 1969)

قادر، د. سوزان عثمان(٢٠١٩) إشكاليات السلطة المختصة بإعلان حالة الطوارئ في العراق (دراسة مقارنة)، المجلة السياسية والدولية، العدد ٤١-٤٢.

الموصلي، منى رياض(٢٠٢١) حدود سلطة الإدارة في إعلان حالة الطوارئ (دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير مقدمة لكلية الحقوق - جامعة الشرق الاوسط.

دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥

موقع مجلس القضاء الأعلى جمهورية العراق: القانون الأساسى العثمانى، ملحق رقم ١، لقانون الأساسي العثماني، ١٩٧٦.

یاسای بنەڕەتی عێراقی سالی ١٩٢٥.

المزورى، د. وعدي سليمان(٢٠٠٧) الشرعية الإجرائية في الظروف الإستثنائية (دراسة مقارنة)، اطروحة دكتورا.

جاسم، أمير حسن(٢٠٠٧) نظرية الظروف الإستثنائية و بعض تطبيقاتها المعاصرة، مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، المجلد ١٤، العدد ٨.

الشمري، د. مازن مزهر (٢٠٢٠)جاحة كرونا و نظرية الظروف الطارئة في ضوء دستور ٢٠٠٥، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية، المجلد ٩، العدد الخاص.

ليلة، د. محمد كامل(١٩٦٨) الرقابة على أعمال الإدارة، دار النهضة العربية، القاهرة.

Bruce, Grigori(2012) Definition of Terrorism Social and Political Effects, in Review Article, Journal of Military and Veterans' Health, Issue Volume 21 No. 2. https://doi-ds.org

هادي، د. صدام علي و طه، م شيماء إبراهيم(٢٠٢١) الساس القانوني لسلطة الحكومة في مكافحة الإرهاب (دراسة مقارنة)، مجلة العلوم الإنسانية، الجلد ٢٨، العدد ٢.

یاسای بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦

ئاكرەیی، د. نجدت صبرى ئاكرەیی(٢٠٠٩)الإطار القانوني للأمن القومي (دراسة تحليلية)، ط٢، الناشر مطبعة زانكو، اربيل.

السبعاوي، د. مجيد خضر و حسن، م. م أميد سفري(٢٠٢١) السياسة التشريعية في التجريم الإرهاب بمنظور الداخلي و الدولي ( دراسة تحليلية مقارنة)، مجلة علمية دورية محكمة تصدرها الجامعة اللبنانية الفرنسية في أربيل، كوردستان، العراق. المجلد ٦، العدد ٢.

Paulsen, Christophe and Scheinin, Martin(2020) Human Dignity and Human Security in Times of Terrorism. https://link.springer.com/book/10.1007/978-94-6265-355-9.

جاسم، م. حيدر زهير(٢٠٢٠) روى استراتيجية لاستدامة الامن الوطني (دراسة في البعد الانساني) مجلة الدراسات الدولية، العدد ٨٣.

حاتم، م. فارس عبدالرحيم و عبدالشهيد، م. سنان طالب(٢٠٠٨) حالة الطوارئ بموجب امر الدفاع عن السلامة الوطنية رقم (١) لسنة ٢٠٠٤ والرقابة القضائية عليها، الناشر مركز دراسات الكوفة، العدد ٩. https://www.iasj.net

نصرالدين، نبيل عبدالرحمن(٢٠٠٦)ضمانات حقوق الإنسان وحمايتها وفقا للقانون الدولي والتشريع الدولي، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.

غافل، د. سعيد علي و مهدي، وئام مهدي(٢٠٢٣) الرقابة على التدخل التشريعي للإدارة في حالة الضرورة، مجلة الكوفة، المجلد ١٥، العدد ٥٦.

الخطيب، د. سعدى محمد(٢٠١١) حقوق الإنسان و ضماناتها الدستورية، في اثنين و عشرين دولة عربية (دراسة مقارنة)، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت.

حسين، د. خليل عبدالقادر(٢٠٢٤) رقابة القضاء الإداري على وقائع قرارات الضبط الإدارى في الظروف الإستثنائية، مجلة التربية للعلوم النسانية، المجلد ٤، العدد الخاص. الهاشمي، م رشا محمد (٢٠١١) نطاق الرقابة القضائية على سلطة الضبط الاداري في الظروف الاستثنائية، مجلة العلوم القانونية، المجلد ٢٦، العدد ٢.

سرور، د. احمد فتحي سرور(٢٠٠٦)القانون الجنائي الدستوري، دار الشرق، مصر.

شنطاوي، د. علي خطار(٢٠٠٣) موسوعة القضاء الإداري، دار الثقافة، عمان.

بڕیاری دادگای تەمیزی فیدراڵی بە ژمارە ٢٠٢١/٣٤١٠ لە ٢٠٢١/٠٨/١١.

الدوري، ميثاق غازي فيصل(٢٠٢٣) الأمن القانون الجنائي (دراسة تحليلية مقارنة)، ط١، المركز العربي للنشر والتوزيع، مصر.

العكيلي، د. علي مجيد و الظاهري، د. لمى علي (٢٠١٨) مدى دستورية قانون الطوارئ (دراسة دستورية مقارنة)، المركز العربي للنشر و التوزيع، مصر.

غبريال و ثابت، وجدي (١٩٨٩)حماية الحرية في مواجهة التشريع، دار النهضة العربية، بيروت.

ليلو، د. مازن (٢٠٠٧) ضمانات احترام القواعد الدستورية في العراق، الاكاديمية العربية في الدانمارك.

James Ker-Lindsay: 2024, SOUTH KOREA | A Dark Past Returns, 6 Dec 2024: https://www.youtube.com/watch?v=JFQf0PIKjrE.